# بنکەی ڕووناکبیریی گەلاوێژ

# مێژوو و بیبلیۆگرافیای چالاکی و بەرهەم

ئامادەکردنی : بوار نورەدین




**لەبڵاوکراوەکانی حەڤدەهەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ – سلێمانی ٢٠١٣**

**ناوی کتێب: بنکەی ڕووناکبیریی گەلاوێژ – مێژوو و بیبلیۆگرافیای چالاکی و بەرهەم**
**ئامادەکردن: بوار نورەدین**
**دیزاین و هەڵبژاردنی وێنەکان: جەلیل حسین**
**چاپ: یەکەم ٢٠١٣**
**چاپخانە: (دلێر) سلێمانی**
**تیراژ: ١٠٠٠ دانە**
**ژمارەی سپاردن: لەبەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (٢٠٨٢)ی ساڵی ٢٠١٣ی پێ دراوە**

# ناوەڕۆك


سوپاس و پێزانین.................................................٤
پێشەكی: د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد..................................٥
پێشەكیی ئامادەكار...............................................٦
چەند ڕوونكردنەوەیەك.............................................٧

## یەكەم بەش: بنكەی گەلاوێژ

یەكەم تەوەر: مێژوو و دامەزراندن– لە ڕێگەی ئەندامەكانییەوە..............١٠
دووەم تەوەر: كۆنگرە و پێڕەو و پڕۆگرام.................................٣٦
سێیەم تەوەر:
– پێكهاتە ئیدارییەكان (كۆنگرە)– بنكەی سەرەكی و لقەكان..............٤٠
– گۆڤاری گەلاوێژی نوێ..................................................٥٧

## دووەم بەش: چالاكی و بەرهەم

یەكەم تەوەر: فێستیڤاڵی گەلاوێژ ١– ١٦...................................٦٧
دووەم تەوەر: چالاكییەكان (بنكەی سەرەكی و لقەكان)......................٢٦٧
سێیەم تەوەر: بیبلیۆگرافیای كتێبە چاپكراوەكانی بنكەی گەلاوێژ.........٣٩٥

# سوپاس و پێزانین

بۆ هەموو ئەوانەی هاوکارییان کردووین بەتایبەت:
• د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد– لە وردەکاری پرۆژەکە بەدەنگمانەوە هات
• ئاسۆ عومەر سوارە– لە وردەکاری پرۆژەکە بەدەنگمانەوە هات
• عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی– لە پەیداکردنی هەندێ کتێب و گۆڤار، هەروەها بە (یەکەم بەش) و (یەکەم تەوەری دووەم بەش– فێستیڤاڵەکان)دا چووەوە
• دانا فایەق– لە ڕاستکردنەوەی هەندێ ناو و زانیاری هاوکاری کردین، هەروەها بە (یەکەم بەش) و (یەکەم تەوەری دووەم بەش– فێستیڤاڵەکان)دا چووەوە
• ئەرخەوان– لە کۆکردنەوەی ئەرشیڤ
• سەلام مستەفا– لە کۆکردنەوەی ئەرشیڤ
• فوئاد عەبدولڕەحمان– لە کۆکردنەوەی ئەرشیڤ
• سیامەند هادی– لە کۆکردنەوەی ئەرشیڤ
• شۆڕش محەممەد حسێن– لە هەندێ زانیاریی ژمارەکانی (گۆڤاری گەلاوێژ) هاوکاری کردین
• جەلیل حسێن دەروێش، ئەرکی هەڵبژاردنی ئەو وێنانەی لە ئەستۆ گرت کە بۆ بەش و تەوەرەکان کۆکرابوونەوە
• (ئارام مەحموود عومەر) و (بەیان محەممەد) کۆمەڵێک کاری (تایپ)یان بۆ کردین
• (شنە محەممەد شامراد) و (گوڵاڵە عوسمان محەممەد) کارمەندانی کتێبخانە و ئەرشیڤی بنکەی ڕووناکبیریی گەلاوێژ– هاوکارییان کردین
• (ئامانج ئەحمەد فەرەج) لە پەیداکردنی هەندێ کتێب و گۆڤاردا، هاوکاری کردین.

# پێشەکی

ئەرشیڤکردن بۆ هەموو تێکست و کەرنەڤاڵ و داهێنانێك، لە هەموو بوارەکاندا، پرۆسەیەکی ئێجگار پێویست و گرنگە، چونکە لە ڕاستیدا هەموو چالاکییەکی ئەدەبی و ڕووناکبیری، جگە لە کاریگەرییە هۆشیاری و ڕۆشنبیرییەکەی، بریتییە لە ئەرشیڤکردن کە ڕۆڵێکی ئێجگار گرنگی لە مێژووی ئەو چالاکییانەدا هەیە، واتە مێژووی چالاکی و فێستیڤاڵی ڕۆشنبیری لە ڕێگەی دەوڵەمەندیی ئەرشیڤەکەیەوە دەخوێنرێتەوە، ئەگەر هەر فێستیڤاڵێك وێنە و فیلمە دۆکیۆمێنتارەکانی ئەرشیڤ نەکرێن، ئەوا بە ئاسانی دەچێتە خانەی لەبیرچوونەوەوە و ئیدی وەك ئەوە وایە لە بنەڕەتدا ئەو فێستیڤاڵە ساز نەکرابێت.

کاتێك لە سێپتەمبەری ٢٠١١دا سەرۆکایەتیی بنکەی گەلاوێژم وەرگرت، یەکەم شت بیرم لێکردەوە دانانی کتێبێك بوو دەربارەی مێژووی فێستیڤاڵی گەلاوێژ، بۆ ئەم کارەش دەبوو پەنا بەرینە بەر ئەرشیڤەکانی هەر چواردە فێستیڤاڵەکەی پێش ئێمە، بەداخەوە ئەرشیڤێکی ئەوتۆمان دەست نەکەوت، دواتر بۆمان دەرکەوت فێستیڤاڵ ئەرشیڤێکی زۆر و دەوڵەمەندی هەیە، بەڵام پەرت و بڵاو و نارێك، بۆیە دەستمان کرد بە کۆکردنەوەی ئەرشیڤەکان، کارمەندێکیشمان وەك بەرپرسی ئەرشیڤ دەستنیشان کرد.

ساڵی پار لە شانزەهەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژدا ١٥-٢٠١٢/١١/١٨ کتێبێکمان بەناونیشانی (مێژووی فێستیڤاڵی گەلاوێژ) چاپ کرد، بەڵام ئەم مێژووە کەموکورتیی زۆر تێدا بوو، لەوانەیە ناوی چەندین کەسمان لەبیرکردبێ، یان هەندێ زانیاریمان بە هەڵە نووسیبێت، بۆیە داوامان لە ئەدیبان و نووسەران و هەڤاڵانی گەلاوێژ کرد تێبینی و سەرنج و پێشنیارمان بۆ بنووسن و لە کوێدا هەڵە و کەموکورتی هەبوو بۆمانی بنێرن، تا لە چاپی دووەم و لە حەڤدەهەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژدا زانیارییەکان ڕاستتر و پوختتر بکەین و کتێبەکەش دەوڵەمەندتر.

بە مەبەستی ئەم ئامانجە ڕوومان لە کاك (بوار نورەدین) کرد بەو پێیەی چالاك و شارەزایە لە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی ئەرشیڤ و بیبلیۆگرافیادا، کە کتێبێکمان بۆ ئامادە بکات سەبارەت بە فێستیڤاڵ، ئەویش پاش کۆششێکی زۆر ئەم بەرهەمەی بۆ خستینە بەردەست، کە بە بەراورد لەگەڵ کتێبەکەی ساڵی پار زۆر دەوڵەمەندە، بەڵام ئەزانین هێشتا کەموکورتیی هەیە، بەو هیوایەی لە ئایندەدا بتوانین ئەو کەموکورتیانەش پڕ بکەینەوە.

د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
سەرۆکی بنکەی ڕووناکبیریی گەلاوێژ
٢٠١٣/١٠/٢٨

# پێشەکی

یەکێك لە کایە هەرە گرنگەکانی پێکهاتەی نەتەوە و دامەزراندنی وڵات، ئەرشیڤ و بایەخدانە بە کەلەپووری نەتەوایەتی هەر گەلێك، بەتایبەت نەتەوەیەکی وەك (کورد) کە بەم هەموو خاك و نیشتمان و دانیشتوانەوە... هێشتا نەبووەتە خاوەنی: وڵاتی یەکگرتوو، زمانی یەکگرتوو، کتێبخانەی نیشتمانی، ئەرشیڤی نەتەوەیی...تد.

بێگومان هەمووی بۆ ئەو بارودۆخە دەگەڕێتەوە کە گەلی کورد و وڵاتەکەی تێیدا ژیاون، هەر چۆن و چییەك بێت، نەتوانراوە بایەخ بەم چەمك و کایانە بدرێت و وەك پێویست لایان لێ بکرێتەوە، بەڵام لە ئێستادا، ئەگەر بارودۆخەکە وەك پێویستیش نەبێت، بەو شێوەیە نییە کە نەتوانین ئەرشیڤی نەتەوەکەمان بپارێزین، چونکە جیهان پێشکەوتووە و کۆمەڵێك کارئاسانی و سیستمی مۆدێرن هاتوونەتە ئاراوە کە کاری ئەرشیڤکردن ئاسان دەکەن...

لە کۆتایی مانگی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٣دا، ڕاسپێردراین کتێبێك لەسەر (مێژووی فێستیڤاڵی گەلاوێژ) ئامادە بکەین، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە ئەمساڵ (٢٠١٣) سێ کاری دیکەی لەم شێوەیەمان ئامادەکردبوو، واتە ئامادەکردنی کتێبێك لە ماوەیەکی دیاریکراودا، کە یەکێکیان بۆ کۆچی ناوادەی هونەرمەند و هاوڕێی هەموان بوو، بە ناوی (تەها کەریمی– ئەفسانەی سپیدارێك)، دووەمیشیان بۆ چلەی شاعیری گەورەی هەموان بوو، بە ناوی (شێرکۆ بێکەس– بیبلیۆگرافیا و پێرستی لە کتێبی کوردیدا)، هەروەها نامیلکەیەك بە ناوی (خەباتی براکان...)، ئەمە جگە لە ئامادەکردنی بەرگێکی دیکەی پڕۆژەی (کتێبناسیی کوردیی کورد و کوردستان)...

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئەم ئەرکەمان بە پیرۆز و پێویست زانی، هەروەها وامان پێ باش بوو پڕۆژەکە فراوانتر بکرێت و کتێبەکە بەشێوەیەکی گشتی لە بارەی (بنکەی ڕووناکبیریی گەلاوێژ)ەوە بێت، لە نێویشیدا، بایەخی تەواو بە (فێستیڤاڵی گەلاوێژ) بدرێت، بێگومان هەر لە یەکەم ڕۆژەوە هەستمان بە ئاستەنگ و گرانیی ئەرکەکە کرد، لەبەر ئەمە، هەر زوو کەوتینە کارکردن و کۆکردنەوەی زانیاری و ئەرشیڤ.

هەروەك ئاشکرایە، ئەرشیڤی پێویستمان لە بەردەستدا نەبوو، هەرچەند لەلایەکەوە (بەشی ئەرشیڤ)ی بنکەی گەلاوێژ، کۆمەڵێك وێنە و بەڵگەنامەی تێدا هەڵگیرا بوو، هەروەها پێشتریش بۆ شانزەهەمین فێستیڤاڵ، نامیلکەیەکی تر ئامادە کرابوو، بێگومان ئەمانە هاوکاریی باش بوون، ئەمە جگە لە هاوکاریی سەرۆك و ئەندامانی بنکەی گەلاوێژ کە بە هەموو شێوەیەك هاوکارییان کردین، بەڵام هەموو ئەمانە وەڵامی تەواوی کەموکورییەکانیان نەدەدایەوە...

هیوادارین بە پێی هەلومەرجەکە، توانیبێتمان دارێك لەسەر بەردێك دابنێین... بێگومان هێشتا چاوەڕێی هەوڵی هەموو لایەك دەکات، بۆ ئەوەی درێژەی پێ بدرێت و کەموکورتییەکانیش کەمتر بکرێنەوە.

بوار نورەدین– ئەیلوولی ٢٠١٣
Bwar_n@yahoo.com

# چەند ڕوونکردنەوەیەك

هەروەك لە دواتردا و لە نووسینی هەندێ لەو کەسانەی کە خاوەنی بیرۆکە و دەستەی دامەزرێنەر و بەرپرس و ئەندامی (بنکەی گەلاوێژ) بوون، بۆمان ئاشکرا دەبێت کە هەلومەرج و پێویستی دامەزراندنی ئەم ناوەندە زۆر تایبەت بووە. لەلایەکەوە یەکەم هەنگاو و دەرکەوتەی ڕۆشنبیریی سەردەمەکەی خۆی بووە، لەلایەکی دیکەوە لە زۆر ڕووەوە تاکو ئێستاش پێشەنگە...

هەرچەند کاتی ئامادەکردنی ئەم کتێبە زۆر کەم بوو، لە هەمان کاتیشدا ئۆفیسی بنکەکە گوازرایەوە... بەڵام چەند پلانێکمان بۆ دانا و هەوڵی ئەوەمان دا کە زۆرترین ئەرشیڤ و زانیاری کۆ بکەینەوە.

سەرەتا، پێویستە چەند خاڵێك وەك (ڕوونکردنەوە) بنووسین:

١- ئەم هەوڵە جگە لەوەی دەبێتە کتێبێك و بەشێك لە مێژووی ئەم بنکەیە لەخۆدەگرێت، لە هەمان کاتدا، هەوڵێکیشە لە پێناوی کۆکردنەوەی ئەرشیڤی بەربڵاوی ئەم بنکەیە، چونکە چیمان دەست کەوتووە سەرەڕای ئەوەی بۆ کتێبەکە کەڵکی هەبووە، هەروەها ئەرشیڤی بنکەکەش دەوڵەمەنتر دەکات.

٢- ئامادەکردنی کتێبێك یان نووسینەوەی مێژووی هەر دەزگا و ڕێکخراوێك، بەو مانایە نایەت کە ئەم دەزگایە هەموو کار و چالاکییەکانی پرۆفیشناڵ بوون و هیچ جۆرە کەموکورییەکیان تێدا نەبووە؟ نەخێر ئەم کارە بەدەرە لەوەی پەنجە بخاتە سەر کەموکورییەکان، لەلایەکەوە شێوازی کارەکە بەو ئاقارەدا ناچێت کە ئەوە بکات، چونکە سروشتی کارەکە نووسینەوە و بە ئەرشیڤکردنی مێژوو و پێکهاتە و کار و چالاکییەکانی (بنکەی گەلاوێژ)ە. کاتێك پێویستە دەبێت ئاوڕ لەو بابەتانە بدرێتەوە کە کتێبەکە کار لەسەر ڕۆڵ و ئەرك و لێپرسراوێتیی ئەم بنکەیە بکات.

٣- هەوڵی ئەوە بدرێت ئەرشیڤی (بنکەی ڕووناکبیریی گەلاوێژ) بە گشتی و (فێستیڤاڵی گەلاوێژ) بەتایبەتی، بە شێوەیەکی زانستی ئەرشیڤ بکرێت. لێرەوە داوا لە هەموو ئەندامان و بەشداربووانی (فێستیڤاڵی گەلاوێژ) دەکەین کە لە کۆکردنەوەی ناونیشانی بابەتەکانیان و وێنەی خۆیان هاوکاریمان بکەن، بۆ ئەوە لە ساڵانی داهاتوودا بتوانرێ ئەم زانیارییانە باشتر ئەرشیڤ بکرێت.

٤- هەروەك لە پێشەکیدا ئاماژەمان بە نەبوونی ئەرشیڤ کرد، لەم خاڵەدا دەمانەوێ شێوازی ئامادەکردنەکەی ڕوون بکەینەوە. بێگومان لەم کاتە کەمەدا نەدەکرا چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەم هەموو کەسایەتییەدا بکەین، لەبەر ئەمە جگە لەو ئەرشیڤەی کە لە بەر دەستدا بوو، هەستاین بە ئامادەکردنی فۆرمێك و بەناوی بنکەی گەلاوێژ و ئامادەکاری کتێبەکەوە، ئاراستەی زۆرتر لە ٢٠ کەسایەتی (دامەزرێنەر و بەرپرس و ئەندام و ئاگادار و هاوکاری بنکەی گەلاوێژ)مان کرد، فۆرمەکەش بەم شێوەیە بوو:

## هەوڵدان لە پێناوی نووسینەوەی مێژووی بنکەی گەلاوێژ و چالاکییەکانیدا

بەڕێزتان ئاگادار دەکەینەوە کە دەمانەوێ کتێبێکی تایبەت بە (بنکەی گەلاوێژ) ئامادە بکەین و لە فێستیڤاڵی ئەمساڵدا (فێستیڤاڵی ١٧) بڵاوی بکەینەوە. ئاشکرایە کە بەڕێزتان وەك یەکێك لە ئەندامان و دامەزرێنەران و هاوکارانی ئەم بنکەیە ڕۆڵتان هەبووە. لە پێناوی ئەوەدا کە هەوڵ و ماندووبوون و ڕەنجی هیچ کەسێك لە یاد نەکرێت و ئەم مێژووە وەك خۆی ئەرشیڤ بکرێت، بە پێویستمان زانی لە پێکهاتە و ناوەرۆکی کتێبەکە ئاگادارتان بکەینەوە، هەروەها چەند پرسیارێکیشتان ئاراستە بکەین. جێی ئاگادار کردنەوەیە، ئەم فۆرمە ئاراستەی ٢٠ کەسایەتی لە (سەرپەرشتیار و سەرۆك و دەستە و ئەندام و هاوکار)ی بنکەی گەلاوێژ کراوە. کتێبەکە لەم تەوەرانە پێك دێت:

بەشی ١: بنکەی گەلاوێژ- سێ تەوەرە (مێژوو و دامەزراندن)+ (پێڕەو و پرۆگرام)+ (پێکهاتەی بنکەی گەلاوێژ "بنکەی گشتی و لقەکان"). بەشی دووەم: بەرهەم و چالاکی- سێ تەوەرە: (فێستیڤاڵی گەلاوێژ ١- ١٦)+ (بیبلیۆگرافیای بەرهەمەکانی بنکەی گەلاوێژ "گۆڤار و کتێب")+ (چالاکییەکان "دیدار و خەڵات و ڕێزلێنان").

تکایە چی زانیاریت لە بارەی ئەم بەش و تەوەرانە لایە، ئاگادارمان بکەرەوە... هەروەها هەر وێنە و بەڵگەنامەیەکی تایبەت بەم پرسیار و زانیارییانەت لابێت، سوپاستان دەکەین کە پێمان بگات، بۆئەوەی کەڵکیان لێ وەربگرین. لە پێناوی ئەوەدا کە کارەکە زانستییانە و ئاسانتر بە دەستەوە بێت، لەگەڵ ئەم فۆرمەدا ئەو نامیلکەیەشتان بۆ دەنێرین کە پارساڵ لە بارەی (فێستیڤاڵی گەلاوێژ)ەوە ئامادە کراوە، بۆ ئەوەی ئەو زانیارییانەی پەیوەندییان بە فێستیڤاڵی گەلاوێژەوە هەیە، هەر لەسەر کتێبەکە دەستکاری بکەن، چونکە دواتر کتێبەکان لە (ئەرشیڤ)ی بنکەی گەلاوێژدا، وەك دۆکیۆمێنتێك دەپارێزرێن.

١- هەروەك دیارە بنکەی گەلاوێژ لە ساڵی ١٩٩٦دا دامەزراوە، دەستەی دامەزرێنەران کێ بوون؟

٢- بیرۆکەی دامەزراندنەکە کێ بوو؟ هەروەها پاڵپشت و پشتگیرییەکەی کێ بوو؟

٣- وەك پێمان گەیشتووە، سەرۆکەکانی بنکە: (١٩٩٦- ١٩٩٨) ڕەئووف بێگەرد، ١٩٩٩ کامەران ڕەئووف، ٢٠٠٠-٢٠٠٥ ڕەئووف عوسمان، ٢٠٠٦- تشرینی یەکەمی ٢٠١١ یاسین فەقێ سەعید؟

٤- لە ماوەی هەر (سەرۆك)ێکدا دەستەکان کێ بوون، چ گۆڕانکارییەك بەسەر دەستەکاندا هات؟

٥- لەو ماوەیەی کە بەڕێزتان لەوێ کارتان کردووە، چەند کۆنگرە بەستراوە و ئەندامەکانی کێ بوون و ڕاسپاردە و بڕیارەکان چی بوون (مێژوو و زانیاری...)؟

٦- چەند دیدار و فێستیڤاڵ ئەنجام دراون و کێ بوون ئەوانەی خەڵات کراون و

ڕێزیان لێ نراوە؟

٧- چ زانیارییەکی ترت لایە لە بارەی فێستیڤاڵەکان و هەرچی هەیە لەبارەی بنکەی گەلاوێژەوە، تکایە ئاگادارمان بکەرەوە؟ هەروەها، هەر زانیارییەکتان بۆ یاداشت کردین، (شوێن+ ڕۆژ+ ناوی تەواوی کەسایەتییەکان)تان بیر نەچێت.

ئەو زانیاری و ڕاستکردنەوانەی کە لە بەڕێزتان وەردەگیرێت، لە شوێنی خۆیدا دادەنرێت و وەك ئەمانەتێکی ئەدەبی ئاماژەی پێویستی پێ دەکرێت... هەروەها ئەم کارە جگە لەوەی خزمەتی هەموو لایەك دەکات، بە ناوی (بنکەی گەلاوێژ) و ئامادەکاری کتێبەکەوە (بوار نورەدین)، زۆر سوپاستان دەکەین، ببوورن کە ماندووتان دەکەین.

***

ئەم کەسایەتییانەمان دەستنیشان کرد، بۆ ئەوەی فۆرمەکەیان بەرەو ڕوو بکەینەوە: حیکمەت محەممەد کەریم (مەلا بەختیار)، سامی هادی، ڕەئووف بێگەرد، د.ڕەئووف عوسمان، جەمال غەمبار، ئازاد بەرزنجی، محەممەد عومەر عوسمان، دلاوەر قەرەداغی، فوئاد عەبدولڕەحمان، ئەرخەوان، یاسین فەقێ سەعید، عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، کاوە حاجی عەزیز، ئازاد تۆفیق، ئاوات حەسەن ئەمین، ئاکۆ کەریم مەعرووف، سەلام مستەفا، ئەحمەد ڕەزا، د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، سیامەند هادی.

# یەکەم بەش- یەکەم تەوەر
# بنکەی گەلاوێژ ( مێژوو و دامەزراندن )

# سەرەتا و سەرنج

لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە شەڕی ناوخۆیان تێدا ڕوو دەدات، جگە لە نەهامەتی شەڕ و براکوژییەکە، پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانیش بەسەر بەرەکانی جەنگەکەدا دابەش دەبن... هەروەك لە نووسینی زۆرێك لە دامەزرێنەران و هاوکارانی ئەم بنکەیە ڕوون دەبێتەوە کە دامەزراندنی ئەم بنکەیە هەوڵێك بووە بۆ لەباربردنی کاریگەرییەکانی ئەو بارودۆخە سەخت و ناهەموارەی کە لەو کاتەدا کۆمەڵگەی باشووری کوردستان بە گشتی و توێژی نووسەران و ڕۆشنبیران و هونەرمەندان بەتایبەتی، تێیدا ژیاون...

بێگومان ساغکردنەوەی مێژووی دەزگایەك کە تەمەنی ٢٠ ساڵ تێپەڕ ناکات، هێندە ئەستەم نییە، بەڵام چەند هۆکارێك وایان کرد کە نەتوانین بە شێوەیەکی ڕێکوپێك ئەم مێژووە بنووسینەوە:

١- نەبوونی ئەرشیف و تۆمار نەکردنی تەواوی ئەو زانیارییانەی بۆ ئەم جۆرە کارانە پێویستن.

٢- نەبوونی کاتی تەواو، هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، کاتەکە لە یەك مانگ و چەند ڕۆژێك تێپەڕی نەکرد...

٣- بەداخەوە لەم وڵاتەدا، تاکو ئێستاش هەندێ کێشەی کۆمەڵایەتی، وەك: بیروباوەڕ و ئینتمابوونی سیاسی، ڕەتکردنەوەی یەکتر (یەکتر قبوڵ نەکردن)، هەست نەکردن بە هەندێ ئەرکی مێژوویی... وایان کردووە کە ئەم جۆرە کارانە پێگەی خۆیان وەرنەگرن.

لەبەر هەموو ئەمانە، لە ئێستادا وامان بە باش زانی کە هەر یەکێك لەو بەڕێزانەی فۆرمەکەمان ئاراستە کردوون، چۆن و چییان بۆ نووسیوین، وەك خۆی ئەرشیفی بکەین و لەم تەوەرەدا، هەر بە پێی ڕیزبەندی (تیپ)ی سەرەتای (ناو)ەکانیان دابنرێن، هەروەها بە چ شێوازێك وەڵامی فۆرمەکەیان داوەتەوە، دەستکاری نەکراوە و وەك خۆی دانراوەتەوە، تەنها لە ڕووی (ڕێنووس)ـەوە یەکخراون... بۆ ئەوەی لە کات و ساتێکی تردا زانیارییەکان یەکلایی بکرێنەوە.

ئەوەی ڕاستی بێت، ئەم شێوازە لە کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەی بابەتێکی فەرامۆشکراودا، لە ڕووی زانستییەوە بە (مێژووی زارەکی) ناودەبرێت، کە جگە لە گێڕانەوە و ئەرشیفکردنی چەندین زانیاری، هەروەها تیشك دەخاتە سەر کۆمەڵێك سەرەداوی بابەتەکە، کە هاوکاریی زۆرتر دەکات لە پێناوی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی زانیارییەکان.



## ئازاد بەرزنجی

ئەو ڕاستییەی کە نکۆڵیی لێ ناکرێ، ئەوەیە کە لەبەر گرژی و ناسەقامگیریی بارودۆخی سیاسی لە کوردستاندا، بەتایبەتیش بەردەوامیی ئەو گرژییە و ئاڵۆزانی لە شەڕی ناوخۆدا، تا دوای ئەو شەڕەش هەلێکی وا نەڕەخسابوو بۆ ئاوڕدانەوە لە کاری ڕۆشنبیری و چالاکیی ڕۆشنبیرییانە، تا ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٩٦دا و پاش وەستانی ئەو شەڕە نەگریسە و بە خەمخۆریی هەندێ ڕۆشنبیر و ئەدیب و نووسەر، بیر لە دەرکردنی گۆڤارێکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی کرایەوە و بۆ ئەو مەبەستەش یەکەمین کۆبوونەوەی ئەو ئەدیب و نووسەرانە لە بینای (یانەی ئۆلۆمپیی کوردستان) بوو کە بەڕێز کاک مەلا بەختیار سەرۆکی بوو، هەر خۆشی ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە بوو، ژمارەیەك لە ئەدیب و نووسەرانی ناسراو تیایدا بەشدار بوون، لەوانە بەڕێزان: فوئاد مەجید میسری، محەممەد فەریق حەسەن،.... ئازاد بەرزنجی و هتد.

لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار لەسەر دەرکردنی گۆڤارێك درا بەناوی (گەلاوێژی نوێ)، کە مامۆستا (حسێن عارف) سەرنووسەری بێت و منیش (ئازاد بەرزنجی) بەڕێوەبەری نووسین بم.

هەر دوای ئەوە بە چەند ڕۆژێك، پەیوەندیم کرد بە بەڕێزان (عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی) و (لەتیف هەڵمەت) و (قوبادی جەلی زادە)وە، ئەوانیش قایل بوون و دواتر پەیوەندی بەڕێز دکتۆر (زاهیر لەتیف)یشەوە کرا بۆ هەمان مەبەست، بەڕێزیشیان بوو بە ئەندامی دەستەی نووسین و ئەوە بوو هەر لەو ساڵەدا یەکەمین ژمارەی (گەلاوێژی نوێ) لە دنیای ڕۆژنامەگەریی کوردیدا چاوی هەڵهێنا.

هەر لەو سەروبەندەدا بوو کە بیر لە پێکهێنانی دەستەیەك بۆ (بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ)یش کرایەوە و بۆ ئەو مەبەستە یەکەمین دەستەی دامەزرێنەری بریتی بوون لە بەڕێزان: ڕەئووف بێگەرد، وەك سەرۆکی بنکە و ئازاد بەرزنجی وەکو سکرتێری ڕۆشنبیری و... ئیتر ئەوە بوو پاش ماوەیەك دەستەی دامەزرێنەر بیریان لە سازدانی یەکەمین (فێستیڤاڵ) کردەوە و هەر لەو ساڵەدا یەکەمین فێستیڤاڵ ڕێکخرا.

دوای ماوەیەك پێشنیازی ئەوەم کرد کە زنجیرەی کتێبمان هەبێت. لە سەرەتادا کتێبێکمان بۆ خوالێخۆشبوو (د.ئەورەحمانی حاجی مارف) چاپ کرد، کە بریتی بوو لە کۆمەڵە چیرۆکێکی وەرگێڕاو لە ڕووسییەوە، پاشان کتێبێك لەسەر (هێمن موکریانی) و دواتریش کتێبی (بەناوی ژیانەوە)ی (ئەریك فرۆم)، کە لە وەرگێڕانی من بوو.



# ئازاد تۆفیق

وەڵامی پرسیاری ١، ٢:

ساڵی ١٩٩٦ دوای گەرمەی شەڕی ناوخۆ، بیرۆکەی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی ئەدەبی بە ناوی (بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ) لەلایەن هەڤاڵ مەلا بەختیار بەرپرسی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی ئەوسای (ی.ن.ك) گەلاڵە بوو. ئەویش بە مەبەستی کردنەوەی دەرگایەکی نوێ بوو بە ڕووی نووسەران و بەهرەمەنداندا و کردنەوەی پەنجەرەیەکی تر بوو بۆ ئازادیی داهێنان و ئازادیی قەڵەم.

سەرەتای ئەم بیرۆکەیەش یەکەمجار خۆی لە گرتنی کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەدا بینییەوە، کە ئەگەر بیرم مابێ لە پاییزی ساڵی ١٩٩٦دا بوو لە هۆڵی (ڕۆشنبیری) لە سلێمانی. کە تیایدا کۆمەڵێ شاعیر شیعریان خوێندەوە. پێم وایە هەر یەکە لە نووسەران: حسێن عارف، ڕەئووف بێگەرد، جەمال غەمبار، قوبادی جەلی زادە و هتد... ڕۆڵیان هەبوو لە بیرۆکە و خستنەگەڕی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژدا.

وەڵامی پرسیاری ٣:

بەڵێ ڕاستە ئەو ناوانەی کە دیاریتان کرد و لەو زەمەنە جیاوازانەدا، هەریەکەیان بۆ فەترەیەك سەرۆکی بنکە بوون.

وەڵامی پرسیاری ٤:

بۆ دەستەی یەکەم و دووەم، من بە باشی ناوی ئەندامانم لەبیر نەماوە. جا بۆ ئەوەی زانیاریی ڕاست و وردتان دەست بکەوێ، ئەتوانن پەیوەندی بکەن بە (کاوەی حاجی عەزیز)ەوە، چونکە کاك کاوە سەرباری ئەوەی لەو دەستانەدا ئەندام بووە، ئەو کەسێکی چالاکی بنکەش بوو، بەڵام لە دەستەی چوارەم واتە ئەو سەردەمەی کە مامۆستا (ڕەئووف عوسمان) سەرۆکی بنکە بوو، من ئەندامی دەستەی باڵا بووم و لە کۆنگرەدا کە نازانم کۆنگرەی چەندەم بوو، دووەم دەنگم بەدەست هێنا. بۆ ئەم مەبەستەش بووم بە بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری لە بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ.

وەڵامی پرسیاری ٥:

لەو ماوەیەدا دوو کۆنگرە بەسترا، یەکەمیان ئەوەبوو کە وەك لە وەڵامی پێشوودا وتم، من خۆم هەڵبژارد و دەنگی دووەمم بەدەست هێنا. کۆنگرەکەی تر هەروەك ئەندامێکی ئاسایی بەشدار بووم و خۆم هەڵنەبژارد، چونکە من بووم بە کارگێڕی مەڵبەندی یەکی ڕێکخستنی سلێمانی و نەمتوانی هیچ ئەرکێکی بنکە بگرمە ئەستۆ.



## ئاکۆ کەریم مەعرووف
## وێنەکان چۆن لە بیر دەچنەوە؟
## ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر

چیرۆك و یادەوەرییە غەمگینەکانم لەگەڵ بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژدا دوورودرێژە و بنکەیەکی ئەدەبی لەگەڵ یەکەمین دەستپێك و درەوشانەوەیدا، بەشێکی زۆری لەو وێنە ناشیرینانەی شەڕی ناوخۆی ڕەواندەوە، کە بۆ ئەو کات، درز و شەبەقێکی گەورەی لە نێوان نووسەراندا دروست کردبوو. هەر لە یەکەم سەرەتاوە هیچ کاتێك ئەو درەنگەشەوە ساردانە و هەڵلەرزینی سکی برسیی هاوڕێکانم لە بیر ناکەم، بەتایبەتی (سیراونە- شبر) کە خەمخۆر و ڕزگارکەری ئێمە بوو. نووسینی لافیتە و درووشمەکانی (ئەحمەد ڕەزا) بە دانیشتنەوە لەسەر زەوییەکی سارد و خۆڵاوی، ڕاکە ڕاکەی (سەلام مستەفا)، چۆن لەبیر دەچنەوە. گەڕانەوەی شەو درەنگان و ڕەشەبا و بێدەنگی ماندوویێتی و حەپەی سەگەکان و دواکەوتنمان بەرەو ماڵی (عیرفان ئەحمەد)، بەدەم مەستبوونێکی کەمەوە... چۆن لە بیر دەچنەوە؟

هەرگیز ئەو ساتە پڕ لە ترسە لە بیر ناکەم کە یەکەمین کارتی داوەتنامە و تێپەڕین بە ناو سەیتەرەکانی شەڕی ناوخۆدا و خاوەخاوەی پاسی کۆستەرەکە و گەیشتن بە دزییەوە بۆ لای هاوڕێ نووسەرەکانی شاری هەولێر، لەو ساتانە ترسناکتر بوو کە ڕێکخستنێك چکلێتە نامەیەکی لە شاخەوە دەهێنایەوە بۆ شار، ئێستاش دەپرسم گەر بەو کارتانەوە بگیرامایە، چیم لێ بەسەر دەهات، چونکە... بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ بە هاوکاریی (مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)ی لەسەر نووسرا بوو...

لەو کاتانەدا جەنگاوەرەکانی شەڕی ناوخۆ وەك گورگی هار پەلاماری هەموو کەسێکیان ئەدا، نەخواستە بۆ منێك کە تەنها هەڵگری کارتی داوەتەکان بووم لە هەرێمێکی دابەشکراودا، بە دێگەڵەدا تێپەڕ بێت و، ئای چەند ترسناك بوو...!؟

وێنەی حیکایەتەکان، ترش و شیرین بوون، بەڵام لەگەڵ دەسپێکی هەموو فێستیڤاڵەکاندا، گیان و ڕۆحمان شیلەی وشەی لێ دەڕژا و ماندوویێتیمان دەخستە ئەولاوە، وێنەی غەمبار لە دوای کۆتایی فێستیڤاڵەکاندا، چۆڵیی هۆڵەکە و ماڵئاوایی یەکە یەکەی میوانە ئازیزیەکان بوون، کە بۆ خۆی گەوهەری پەیوەندی بوو بۆ یەکترناسین، کە ئێستاش زۆرێك لەو میوانانە هاوڕێ و دۆستی هەرە ئازیزن، ئێستاش بەرەو فێستیڤاڵێکی تر و گەلاوێژنامەیەکی تر...



# ئەرخەوان*

١- دەستەی دامەزرێنەر ٢٠ کەس بوون، ناویان لە سجیلاتی بنکەدا هەیە، گەر ئەو سجلانە مابن، زۆربەی ئەو زانیاریانەی بەڕێزت داوات کردووە هەیە.

دەستەی دامەزرێنەر: ڕەئووف بێگەرد، قوبادی جەلی زادە، سابیر سدیق، ئەرخەوان، جەمال شارباژێڕی، دلاوەر قەرەداغی، جەمال غەمبار، حسێن عارف، ڤیان کەمال، لەتیف هەڵمەت، ئازاد بەرزنجی، یاسین فەقێ سعید... ببوورە ئەوانی دیکەم بیرنەماوە.

لە دامەزراندنەوە تا کۆنگرە (جەمال شارباژێڕی) ئیشەکانی ئەبرد بەڕێوە.

٢- بیرۆکەی دامەزراندن:

دوای ئەو فێستیڤاڵە فراوانەی ساڵی ١٩٩٦، بیرۆکەی دامەزراندنی بنکە لەلایەن مەلا بەختیار و هەندێ لە نووسەرانەوە هاتە ئاراوە. بەداخەوە ناویانم بیر نەماوە...

٣- پاڵپشت و پشتگیری:

ڕێکخراوە دیموکراتییەکان و مەلا بەختیار و مام جەلال بوون.

٤- ناوی سەرۆک و دەستەکان لە سجلاتدا هەیە.

یەکەم دەستە: ڕەئووف بێگەرد- سەرۆک، سابیر سدیق، دلاوەر قەرەداغی، قوبادی جەلی زادە، ئەرخەوان، ئازاد بەرزنجی، یاسین فەقێ سەعید.

٥- من بەشداریی چوار کۆنگرەم کردووە، هەموو ئەندامانی بنکە ئەندامی کۆنگرە بوون... زانیاریەکانی کە لە سجلاتدا هەیە.

٦- بە دەیان کۆڕ و دیدار و سیمینار کراوە جگە لە فێستڤاڵەکان، ئەوانەی بیرم مابێ:

• دیداری گۆران

• دوای ڕزگارکردنی هەڵەبجە یەکەم لایەنی ئەدەبی، بنکەی گەلاوێژ بوو کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەمان ساز کرد لە هۆڵی (ئەحمەد موختار جاف) کە ژمارەیەك شاعیر شیعریان خوێندەوە.

• دوای ڕزگارکردنی خانەقین بە هەمان شێوە کۆڕێکمان بۆ شیعر خوێندنەوە بردە خانەقین.

• کۆڕێکی شیعر بۆ شاعیرانی خۆرئاوای کوردستان.

زۆر زۆرە پێویستە لە ئارشیفی بنکەدا هەبن.

١- لقەکانی بنکەی گەلاوێژ، لە کەرکووك و هەولێر و کۆیە و ڕانیە، پێویستە باس بکرێ.

٢- گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ) باس بکرێ

لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆ بەڕێزتان. ئەم زانیاریانە پێویستە لە ئارشیفی بنکەوە وەربگیرێت، چونکە زۆر شت هەیە بیرمان نەماوە.

* لەسەر داوای خۆی تەنها نازناوەکەی نووسراوە.



## بارزان نەبی محەممەد*
## کارمەندی بنکە

١- ساڵی ١٩٩٩-٢٠٠٠: کامەران ڕەئووف بوو بە سەرۆکی بنکە و یاسین فەقێ سەعید جێگر بوو.
٢- ساڵی ٢٠٠٠: سابیر سدیق سەرۆکی بنکە بوو بە شێوەی کاتی.
٣- ساڵی ٢٠٠٠- ٢٠٠٥: م.ڕەئووف عوسمان بوو بە سەرۆکی بنکە و مامۆستا کاوەی حاجی عەزیز جێگر بوو.
٤- ساڵی ٢٠٠٥- ٢٠٠٨: ئەرخەوان خان بوو بە سەرۆکی بنکە و کاوەی حاجی عەزیز جێگر بوو.
٥- ساڵی ٢٠٠٨- ٢٠١١: یاسین فەقێ سەعید سەرۆکی بنکە بوو و کاوەی حاجی عەزیز جێگر بوو.

* کاک بارزان، یەکێکە لەو کارمەندانەی بنکەی گەلاوێژ، کە لە سەرەتاوە لەوێ کار دەکات و تا ئێستاش بەردەوامە.



## دلاوەر قەرەداغی*

دوابەدوای گەڕانەوەمان لە ڕەوەکەی ١٩٩٦ بۆ سلێمانی و لە کاتێکدا کە شەڕی ناوخۆ لە جەولەیەکی خوێناوی بووبووەوە و خۆی بۆ جەولەیەکی خوێناویی تر ئامادە دەکرد، کەشێك لە نائومێدی باڵی بەسەر ژیاندا کێشابوو، بەشی شێری ئەو نائومێدییەش بەر ژیانی کولتووری لە کوردستان و بە تایبەتیش شاری سلێمانی دەکەوت، کەشێك کە خوێنەر لە کتێب تۆراو و بینەر لە شانۆ زیز و گوێ لە مۆسیقا لاڵووت و بینین چارەی جوانیی نەدەویست، ئاینده بە ڕادەیەك تاریك و نووتەك بوو، کە خەڵك و بە تایبەتی توێژی گەنجانی خوێنەوار، بەدوای دەروویەکدا دەگەڕان تا لە وڵات دەرچن و لەو پێناوەشدا خۆیان بە ڕێگەی هات و نەهات و چارەنووسی نادیار دەسپارد، بەشێکی زۆر لە نووسەران لە نێوان هەردوو لایەنی شەڕەکەدا دووکەرت بووبوون و بەشە کەمەکەشی، کە گروپێك گەنجی لە هەموو شت تووڕە و پەراوێزێنراو بوون، بێزاریی لەو ڕەوشە گەیبووە بینەقاقایان. لەو دۆخەدا و لە دانیشتنێکی چەند هاوڕێیەکدا کە وەك بیرم بێ (سابیر سدیق و یاسین فەقێ سەعی و جەمال غەمبار و من) بووین، بەدەم حەسرەت هەڵکێشان بۆ ئەو ساتەوەختانەی کە هۆڵی شیعر و شانۆکان و بە تایبەتیش هۆڵی ڕۆشنبیری کە سەردەمانێك، جمەی لە ئامادەبووان دەهات و پۆنگی بە هەناسەی گەرمی شەیدایانی شیعر و جوانی دەدایەوە، بیر لەوە کرایەوە دیدارێکی چەند ئێوارەیی بۆ شیعر ڕێك بخرێ، بە بێ لەبەرچاوگرتنی ڕیسکی ئەوەش (وەك هەندێك کەس ئاگاداریان دەکردینەوە) کە ڕەنگە خەڵکێکی بە ژمارە زۆر کەم لە ئێوارە کۆڕەکاندا ئامادە بن، بە جۆرێك کە هەم نائومێدی لە دۆخەکە لە لامان چڕتر ببێتەوە و هەم لە بەردەم خۆمان و یەکتریشدا ئیحراج ببین.

بەڵام ئێوارە کۆڕەکان بە بەشداریی ئەو هاوڕێیانە ئەنجام دران (وا بزانم کەژاڵ ئەحمەدیش لە یەکێك لە ئێوارەکاندا بەشداربوو) پێچەوانەی مەزەندەکان، خەڵکێکی زۆر بە جۆش و خرۆشەوە ئامادەی کۆڕە شیعرییەکان بوون کە تەنانەت لەبەر نەبوونی جێگە، هەندێك کەس لە ڕاڕەوی هۆڵی ڕۆشنبیریدا لەسەر ئەرزەکە دانیشتبوون... ئەو ئێوارە کۆڕانە هەنگاوێك بوون کە بە بێ ئەوەی ئێمە خۆمان بیلێین، زۆر لە ئامادەبووان ددانیان بەوەدا دەنا، کە ئەوە یەکەمین هەنگاوی ئاشتبوونەوەیانە لەگەڵ ئێوارەکانی شیعردا.

ئەو ئێوارانە هەر بە بڕوای زوربە، دەسپێك و هەوێن بوون بۆ پرۆژەیەکی گەورەتر، کە دواتر و بە ماوەیەکی کەم خۆی لە دامەزراندنی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژدا بینییەوە. سەرەتا هەوڵ درا ئەو پرۆژەیە خۆی لە بەگەڕخستنەوەی (یەکێتیی نووسەرانی کورد)دا ببینێتەوە، بەڵام دیاربوو لەبەر هەمان دۆخی سیاسی و کەرت و پەرتیی نووسەران، ئەو هەوڵەی دواییان سەری نەگرت. دەبێ بڵێم کە من لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو هەوڵەی دواییان نیم.

بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ لەو چەند ساڵەی کە لە نزیکەوە ئاگاداری پلان و چالاکییەکانی بووم، تا ڕادەیەکی زۆر ئەو ئامانجانەی تێپەڕاند کە لە پێناویدا هاتبووە دی، لە ساتەوەختی خۆیدا پەنجەرەیەکی والای لە فەزا کولتوورییە ناجۆرەکەی ئەوسادا والاکرد، (فێستیڤاڵی گەلاوێژ)ی لێوە هەلات، کە بەر لە هەر شت ڕێگەی بۆ خۆدەربڕینی دەنگی نوێ خۆش کرد، بۆنەیەکی ئەدەبی و کولتووریی ڕەخساند کە زوریەمان بە پەرۆشەوە چاوەڕێی ساڵوەگەڕیمان دەکرد، گرینگتر لەوەش زوربەی دەنگە جوانەکانی توێژە گەنجە تووڕەکەی، لەگەڵ ژیانی کولتووریی ئەوکاتدا ئاشت کردەوە، بە جۆرێك ئێستا بەشێکی بەرچاو لەو دەنگانە، قەڵەمی بە برشتی نووسین و وەرگێڕانن، وێڕای فێستیڤاڵی گەلاوێژیش، بنکە هەر لە سەرەتاوە (گۆڤاری گەلاوێژ)ی دەرچوواند کە تا ئێستا بە ڕوخسارێکی نوێوە بەردەوامە، ئەوە جگە لە سازدانی دیداری ناوبەناوی ڕووناکبیری و ڕێزنان لە بەخششی نووسەران و هونەرمەندان.

بەڵام حەقیقەتێك هەیە کە دیارە دۆستانی ڕێکخەری فێستیڤاڵی گەلاوێژ بەر لە من دەیزانن و کەم و زۆریش هەوڵیان بۆ لەبەرچاوگرتن و جێبەجێکردنی داوە، بەڵام دەبێ زیاتر خەمی بخۆن، ئەویش ئەوەیە کە فێستیڤاڵ ساڵ لە دوای ساڵ لە هەلومەرجی نوێ و قۆناخی نوێی کولتووری، لە ئاستی ناوخۆ و دونیادا بەرێوە دەچێ، بۆیە ساڵ بە ساڵ فێسیڤاڵ پێویستی بە بەرگی نوێ و هەناسەدانی نوێ و زەمینەی تازەیە، پێویستی بە گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕە لە پلان و دانانی نەخشە و پێشنیاری نوێ، لە چۆنایەتیی بەرێوەبردنی بەرنامەکانیدا. من بۆ هەنگاوەکانی داهاتوو پێشنیار دەکەم کە هەوڵ بدرێت فێسیڤاڵ وردە وردە تەنها لە هۆڵێك و تەنها شارێکدا گیر نەخوات، بەڵکو بکرێتە بۆنەیەك کە ڕەنگدانەوەی بەسەر هەموو شار و زانکۆ و شەقام و ناوەندە کولتوورییەکانەوە هەبێت، بکرێتە تەزاهورەیەکی ئەدەبی و کولتووری لە هەموو کوردستاندا کە ڕەنگدانەوەی بەسەر جووڵەی شەقام و هاووڵاتیان و شوێنە گشتییەکانەوە هەبێت، جگە لە سلێمانی، ناوچەی تر و شوێنی تر لەو تەزاهورە کولتوورییە ڕووناکبیرییە بەهرەمەند بن.

* ئەم نووسینە لە ڕێگەی ئیمێڵەوە هاتووە.



## ڕەئووف بێگەرد *

دوای ڕووداوە شوم و نەگریسەکانی شەڕی ناوخۆی نێوان پارتی و یەکێتی، ساڵانی کۆتایی نەوەدەکان. بەتایبەتیش دوای کارەساتی ٣١ی ئابی ١٩٩٦، نووسەر و هونەرمەندانی کورد یەك ڕیزییان لە دەست دا و بەسەر ناوچەی دەسەڵاتی هەردوو حیزبەکەدا دابەش بوون. یەکێتیی نووسەرانی کورد کە تا ئەو کاتە بێ گوێدانە بیروباوەڕی جیاواز، چەتری پێکگەیشتنی هەموومان بوو، یان با بڵێم خۆشەویستیی قەڵەممان لە پێش دۆستایەتیی ئایدیۆلۆژیاوە بوو، تەواو بوو بە دوو بەشەوە. بەشێکیان لە قەڵەمڕەوی (یەکێتی)دا و ئەوی تر لە بەشەکەی (پارتی)دا بوو. لەڕاستیدا ئەمە تەنیا دابەشبوونێکی سەندیکایی ئاسایی نەبوو، بەڵکو هێدمەیەکی کەمەرشکێنیش بوو کە گەلێك لە نووسەر و ئەدیبی لەنێو گەردەلوولی نائومێدی و سەرهەڵگرتن و وێڵ بوون بە دوای ئەلتەرناتیڤێکدا سووڕدا. فشاری ڕووداوە سەختەکان بۆ ماوەیەك هەموومانی تاساند. ڕاستتر، هێند حەپەسابووین نەماندەزانی ڕوو لە کوێ بکەین، لەکاتێکدا ئەوانەی هۆی سەرەکیی مەینەتیەکە بوون، بێجگە لە دەنگی نەشازی خۆیان، گوێیان لە هیچ دەنگێکی دۆست و ئاشنا نەدەگرت. پرسیار و پرسیار و پرسیار و وەڵامەکان تراویلکەی نێو بیابانێکی قاقڕ، بەڵام زۆر ترسناك بوون.

ئێمەی کۆمەڵێك لە نووسەرانی سلێمانی، لەو دۆخە نالەبارەدا کە نە (یەکێتیی نووسەران) کارایی مابوو، نە لەنگەری بەها ڕۆحییەکان بەرگەی بەردەوامبوونی ئەو ژیانە تووش و سەختەی دەگرت، بیرمان لە بەستنی کۆنگرەیەك کردەوە کە هەموو نووسەران بەشداریی تیا بکەن، بۆ ئەوەی چەند بتوانین باس لە قەیرانەکە و ڕێگاچارە و ئەگەر خۆیشمان لە ڕێکخراوێکی ئەدەبیدا بدۆزینەوە و کار بۆ دروستبوونی بکەین، چاکتر. بۆ ئەوەی لە ڕێگای چالاکیی ئەدەبی و ڕووناکبیرییەوە ئەو بۆشاییە پڕبکەینەوە کە کەوتۆتە ناو دەروون و ڕیزی ڕێکخراوەیی نووسەرانەوە.

دوای ڕاوێژ و کۆبوونەوەیەکی زۆر (بڕیاری سازدانی "فێستیڤاڵ"ێکمان دا کە زۆربەی ئەدیب و نووسەرانی کوردستان تیایدا بەشداربن، ئەوەبوو فێستیڤاڵی یەکەممان لە ڕۆژانی ٢١-١٩٩٦/١٢/٣٠ ساز کرد، ئەمە بەردی بناغەی دروستکردنی بنکەی گەلاوێژ بوو)**، پاشان لە ڕۆژی ١٩٩٧/٦/٩ یەکەم کۆنگرەی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی

گەلاوێژمان سازدا کە گەلێك لە نووسەرانی لەخۆگرت.

ڕۆژی ١٩٩٧/٦/١٠ بۆ دانانی دەستەیەکی بەڕێوەبردن هەڵبژاردن کرا، کە ٢٣ نووسەر خۆیان هەڵبژارد و لە ئەنجامدا ئەمانە دەرچوون: (قوباد جەلی زادە، ڕەووف بێگەرد، ئازاد بەرزنجی، ئەرخەوان، دلاوەر قەرەداغی، یاسین فەقێ سەعید). بۆ ڕۆژی دواتر دەستەی بەڕێوەبەر منیان بە سەرۆك و (قوبادی جەلی زادە)یان بە جێگر هەڵبژارد. یەکەم چالاکیی ئەدەبیشمان یادی ٣٧ ساڵەی کۆچی دوایی مامۆستای ئەدیب و مێژوونووس (ڕەفیق حیلمی) بوو کە دوو ڕۆژی خایاند.

لە ڕۆژی ١١/٩ی هەمان ساڵدا، دووەم فێستیڤاڵی بنکەمان بەست کە هەشت ڕۆژی خایاند و گەلێك کۆڕی ئەدەبی و ڕووناکبیریی تیا پێشکەش کرا. لەم فێستیڤاڵەدا زۆربەی نووسەران لە هەموو شارەکانی کوردستان و پارچەکانی ترەوە بەشداربوون.

فێستیڤاڵی ساڵانەی (بنکەی ئەدەبیی گەلاوێژ) تا ئێستایش یەکێکە لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی ئەو بنکەیە کە بێجگە لە نووسەری کورد هەندێك لە ڕووناکبیر و نووسەرانی تری بیانیش بەشداریی تیا دەکەن و بە هزر و ئەزموونی خۆیان کۆڕەکانی دەوڵەمەند و بەخشندەتر دەکەن. بە ڕای من (بنکەی گەلاوێژ) لە ئێستادا پێویستی بە بزاوتێکی تازە و کۆمەکێکی هەمەلایەنە هەیە. بۆئەوەی بە ڕاستی ببێتە لایەنێکی ڕووناکبیریی کاریگەر لە هەموو شارەکانی کوردستاندا، چونکە ئەرکی ڕووناکبیرانەی بنکەیەکی وا، تەنیا لە سنووری فێستیڤاڵێکی ساڵانە و دەرکردنی چەند ژمارەی گۆڤارێك، کۆتایی نایەت. بە هیوای بەدیهاتنی پێشنیازەکەمم کە ئاواتی هەموو لایەکمانە.

٢٠١٢/٩/٦

* ئەم زانیارییانەی بۆ کتێبەکەی پێشتر نووسیبو (بڕوانە: مێژووی فێستیڤاڵی گەلاوێژ...، ل٨٨-٨٩)، کاتێکیش فۆرم و کتێبەکەمان بۆ برد، تەنها یەك زانیاریی دیکەی یادداشت کرد، کە کراوەتە دوو کەوانەوە.

** ئەمە ئەو نووسینەیە کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد.



## د. ڕەئووف عوسمان
## پەیڤینی سەرۆکی پێشووی بنکەی گەلاوێژ

بنکەی گەلاوێژ لەگەڵ کەمیی تەمەنیدا ڕۆڵێکی بەرچاو و دیاری هەبووە، نەك بە تەنیا لەبەر ئەم چالاکییە فرەمەودا ئەدەبی و ڕووناکبیرییەی کە بەبێ پشوو نمایشی دەکرد، بەڵکو لە کۆکردنەوەی ئەو هەموو دەنگ و ڕەنگ و هزرە جیاوازەدا، کە زۆربەی کوردستانی دەگرتەوە، نابێت ئەو لایەنە مەعریفی و ڕۆشبیری و فیکرییەش بخرێتە پشت گوێ کە لە کۆڕ و دیدارەکاندا نمایش دەکرا و قسە و پەیڤینی گەرموگوری لەسەر ئەنجام دەدرا، دەتوانم ئەوەش بڵێم کە هەندێك قەڵەم لە پاڵتۆکەی بنکە و فێستیڤاڵەکانییەوە سەریان دەرهێنا و لەو سەکۆیەوە تاقیکردنەوە ئەدەبییەکانیان نمایش کرد و پتر ناسێنران بە دنیای ئەدەب و ڕووناکبیری.

سەردەمی کارکردنم لە بنکەی گەلاوێژ بۆ پێنج ساڵ، ئەزموونێکی فرەی پێ بەخشیم، لە چۆنێتیی مامەڵە و هەڵسوکەوت لەگەڵ دنیای ئەدەب و ڕووناکبیری و بەرهەمهێنەکانییەوە، دیارە بەشێك لەم ئەزموونە، درێژەپێدەری چەندان ساڵ لەوەوبەر بوو.

ئەو دەورانەی بنکەی گەلاوێژ پڕاوپڕن لە خۆشی و تۆران و ئاشتکردنەوە و توورەبوون و دڵپاك بوونەوە و هتد... بەڵام پاکیی نییەت و خۆشویستنی وشە و نیشتمان و دڵسۆزیی دەستەی بەڕێوەبەر، ئەو بەردە گەورەیە بوو کە هەموو خەمەکانی لەسەر هەڕوون دەبوو، واتا میناتۆرێك لە عەقڵ و میزاج و هزر و هەست و نەست، لە چوارچێوەی بەرپرسیارێتیی مێژوویی بۆ گەیاندنی بنکە بە ئاستە باڵاکانی ژیانی ڕۆشنبیری، ئەم ڕێکخراوەی بەڕێوە دەبرد.

فێستیڤاڵەکان بە هەموو خۆشی و میهرێکیانەوە، زۆرجار دەرهاویشتەی نێگەتیفی لێ دەکەوتەوە، گەلێ لە هاوبەشیکارانی فێستیڤاڵەکان، سەرنەکەوتنی بابەتەکانیان و لە دەستدانی خەڵاتەکانیان، دەخستە ئەستۆی دەستەی ئیداری و بە پلەی یەکەم بەندە، ئەمە بێ ئەوەی ئەوە بزانن کە لیژنەی تایبەت بەرهەمەکان هەڵدەسنگێنێت و تەنیا کاری بەندە ڕێکخستنی ئالیەتی هەڵسەنگاندنەکانە لەگەڵ داوەرە ئازیزەکاندا، با ئەوەشم لەیاد نەچێت کە زۆرجار درکاندنی هەندێك نهێنیی ئەنجامی پێشبڕکێکان، لەلایەن داوەرانەوە، کێشەی بۆ دەنایەوە.

لەم دەورانەدا چەند جارێك بنکەمان گواستەوە و بێ جێگا و ڕێگایی جاڕسی کردبووین، نازانم ئەو داوا و پێشنیازانەی دەستەی بەڕێوەبەری بنکە، بۆ تەرخانکردنی

زەوی و چێکردنی تەلاری شیاو بە بنکە، چیی لێهات و سەری بە کوێوە نا؟!

ئەو چەند مانگەی دوای ڕووخانی سەددامی دکتاتۆر، مووچە و نەسریەمان نەبوو، هەر کەسە و لە ماڵی خۆمان شەکر و چامان دەهێنا و میوانە زۆر و زەوەندەکانمان پێ ڕایی دەکرد، لەبیرمە جارێک کاک (محەممەد موکری) کە میوانی ئازیزی هەمیشەییمان بوو، وتی دەتوانم بڵێم ئێوە (حاتەمە ڕووتەن)، واتە لە بەخشندەییدا (حاتەم)ن و لە گیرفاندا ڕووتەڵەن. جارێکیان لەگەڵ کاک (کاوەی حاجی عەزیز)دا بۆ کاری بنکە چووبوینە ڕانیە و بۆ نیوەڕۆکەی شوێنی حەوانەمان بردە مزگەوتی گەورەی ڕانیە و لەوێندەرێ سەرخەوێکمان شکاند، ئەویش دوای ڕوونان لە مجێوری مزگەوتەکە، چونکە نووستن قەدەغەکرابوو لە مزگەوتدا.

لە دەورانی بەندەدا چالاکیی فرەمەودامان هێنایە ئاراوە، هەندێک لەو شاعیرە عەرەبانەی کە ڕایان کردبوو، یان نیشتەجێ بوون لە کوردستان، یان دەیانویست بڕۆنە دەرەوەی عێراق، بە باش و نیوداشتەوە کۆڕی شیعر خوێندنەوەمان بۆ ئامادە دەکردن، تەنانەت جارێکیان (جاسم ئەلرەسیف) هاتە بنکە و داوای کۆڕی لێکردم، بەندەش بە زمانێکی نیمچە زبر وەڵامم دایەوە، چونکە لە چەند بەرهەمێکیا بەتایبەت (الفصیل الخامس) زۆر بە ناشیرینی باسی کچی کوردی کردووە و خۆی کردۆتە ڕاسپۆتین لە یەکێک لە ئۆردوگا زۆرەملێکاندا کە سوورەقەڵاتە، ئەوەی کە دڵی ئازاردام، زۆر بێمنەتانە وتی هەڵوێستی تۆ دژی هەڵوێستی سیاسییەکانە و ئەوان سەیری کێشەکان ناکەن و ئێمەش نووسەری نیشتمانپەروەرین!

لە دەورانی بەندەدا دیداری پڕ جەماوەرمان ساز دەکرد بۆ پیرەمێرد و مەولانا خالید و شێخ محەمەدی خاڵ و عەبدولکەریم ئەلمودەریس و نالی... هتد. با ئەوەشم لە یاد نەچێت- کە هەرگیز لە یادم ناچێت! کۆڕی پیرەمێردمان بردە هۆڵی (بازرگانی)ی و پارەی کرێی هۆڵمان نەبوو، وا ڕێکەوت سەرۆکی هۆڵەکە هاوڕێم بوو، ئیتر کاری ڕاست بێت عەفواتی بۆ ئێمە و پیرەمێرد دەرکرد!

گەلێ هەوڵمان دا کە لە ئامێزی یەکێک لە فێستیڤاڵەکاندا مەزارگەی (گۆران) نۆژەن و جوان بکەین، تەنانەت چەند جارێک برای ئازیز کاک (تەیب جەبار) کە ئەندازیارێکی بە سەلیقەیە، لەگەڵمان سەردانی مەزارەکەی کرد و ڕا و تەدبیریان کرد، بەڵام ئەنجام لەبەر نەبوونی بودجەی تێروپڕ، کارەکەمان بۆ ئەنجام نەدرا. دیارە کاک (گۆرانی ئەژی گۆران) ئاگای لەم کەینوبەینەیە و بەڕێز کاک (مەلا بەختیار)یش هەوڵی خۆی دا لەم بوارەدا، بەڵام ئەفسوس، ئەو کارە نەهاتەدی، ئێستاش نازانم بۆ؟

ئێمە ئەوێ کات وەکو تیمێکی دڵسۆز و بەجێهێنەری ئەرکێکی نەتەوەیی کارمان دەکرد، کاوەی حاجی عەزیز و عیرفان ئەحمەدی شەهید و ئەرخەوان و سەلاحە ڕەش و سابیر سدیق و سەلاح محەمەد و ئازاد تۆفیق و هەموو برادەران وەک دەروێشێکی بێ مەبەست و دەربەست، خۆمان بۆ بنکە تەرخان کردبوو، هەمیشە لە پەیجۆری ئەوەدا بووین، (بنکەی گەلاوێژ) بکەینە مەشخەڵێکی ئەوتۆ کە پرشنگەکەی هەموو کوردستان بگرێتەوە.

بە هەموو هێزمانەوە هەوڵمان دا ئەو لقانەی كە لە هەولێر و كەركووك و هەڵەبجەی تازە دەیكەینەوە، سەركەوتنی تیا بە دەست بهێنین، بۆمان نەچووە سەر، دیارە كێشەی سەرەكی نەبوونی بودجەیەكی تێروپڕ بوو، ئەمە جگە لەوەی كە هەر لقە و سەرگوزشتەی تایبەتی خۆی هەیە! با ئەوەش بڵێم كە لقەكانی كەلار و كۆیە و ڕانیە لە خەم ڕەخسێنران و سەركەوتنی باشیان بەدەست هێنا و تەنانەت فێستیڤاڵی سەركەوتووشیان ئەنجام دەدا.

لەم دەورانەدا (گۆڤاری گەلاوێژ)یش لەگەڵ چالاكییەكانی بنكەدا هاوتەریب كاری خۆی دەكرد و بەندە لە زۆربەی ژمارەكاندا هاوبەشیم بە نووسین دەكرد، وەك ئەركێكی تری بنكە، چونكە نەئەكرا تۆ سەرۆكی بنكە بیت و ئامادەگیت لە نووسیندا نەبێت.

بەهۆی هاوبەشیی عەرەبەكانەوە لە چالاكییەكانی بنكەدا، دەرگای هاتوچۆ و پەیوەندییەكانمان كراوەتر بوو، تەنانەت لە گەرمەی تەنگژە ئەمنییەكانی بەغدادا، لەگەڵ (یەكێتیی نووسەرانی عێراق)دا ڕێككەوتین كە لەوێ -بۆ ماوەی سێ ڕۆژ- بە هاوبەشیی هەردوولا، چەند كۆڕێك بگرین و كاك (مەلا بەختیار)یش بابەتی تایبەتی خۆی هەبوو بۆ پێشكەشكردن لەو كۆڕانەدا، ئەوە بوو بەر لە چالاكییەكە بە چەند ڕۆژێكی كەم ڕەتمان كردەوە، چونكە باری ئەمنیی بەغدا ئێجگار نائاسایی بوو، با بۆ مێژوو ئەوەش بڵێم كە هاوڕێی دڵسۆزم كاك (حسێن جاف) پێی ڕاگەیاندم كە هاتنتان بۆ بەغدا مایەی ترسە و نابێت ئەم چالاكییە چێ بكرێت.

یەكێك لەو یادگاریانەی بیرم ناچێتەوە، ئەوە بوو كە نۆڤلێتی (مولازم موحسین و شتی تر)ی فەرهاد پیرباڵ لەسەر ئەركی بنكە لە چاپ درا، ئەم نۆڤلێتە زۆرترین گازندە و فشاری لەسەر بنكەی گەلاوێژ دروست كرد، چەندان وتاری دژ بە كتێبەكە و بنكە نووسران و كار گەشتە سەر ئەوەی كە بە ناوی هەندێك لە پێشمەرگە دێرینەكانەوە داوای سزادانی نووسەری كتێبەكە و خەبیرەكەی و بنكەش كرا، هەموو هەوڵی نەیارەكانی ئەوە بوو كە بزانن خەبیری كتێبەكە كێیە؟ بۆ ئەوەی سزا بدرێت، چاوپێكەوتنێكی ڕۆژنامەگەری لەگەڵ بەندەدا كرا و زۆربەی پرسیارەكان بۆ ئەوە دەچووەوە كە كێ ڕێگەی لە چاپدانی داوە، دیارە بەندە بە ناڕاستەوخۆش هێمام بۆ خەبیری كتێبەكە نەكرد، چونكە ئەوە ئەركێكی ئەخلاقی بوو، ئێستاش دوای ئەوەندە ساڵ بۆ یەكەمین جار دەڵێم؛ كە برای ئازیز كاك (عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی) ئەو كارەی ئەنجام دا. ئەو، ڕۆمانەكەی لە ڕووی هونەرییەوە لا جوان بوو، ناوەڕۆكەكەیشی بۆ نووسەر جێهێشتبوو، واتە خەبیری كتێبەكە بوو، ئەگەر كاك (مەلا بەختیار)یش، جەنابی (مام جەلال)ی نەهێنایەتە سەر خەت، بۆ بە ئاسایی وەرگرتنی حاڵەتەكە، ئەوا هەموومان تووشی نارەحەتی دەبووین.

بەر لە كۆتایی؛ بنكەی گەلاوێژ ڕۆڵێكی بەرچاوی لە بواری چالاكیی ئەدەبی و ڕۆشنبیریدا هەبووە، تەنانەت لەو دەورانەشدا، بووە تاقانە ڕێكخراوی ئەدەبی، چونكە زۆربەی نووسەران ڕوویان تێدەكرد و چالاكییان تیا ئەنواند، هیوادارم بە هەمان نەفەس و گوڕوتین، بنكە هەنگاوی گورج و درێژ هەڵهێنێ و چالاكییەكانی هەر لە فێستیڤاڵەكاندا چەق نەبەستێ و دەرگای چالاكیی فرەمەودای، هەمیشە هەر لەسەر پشت بێ.

# چەند زانیارییەکی کەم، لەسەر فێستیڤاڵەکانی گەلاوێژ

حەز دەکەم هەندێك ئالیەتی چۆنێتیی هەڵسەنگاندنی بابەتی فێستیڤاڵەکانی بنکە لە دەورانی ئێمەدا بخەمە پێش چاو، بە مەبەستی ئاشنابوونی ئەوانەی کە هاوبەشی کێبرکێی نووسینیان کردووە لەو بازنەیەدا.

بۆ چۆنێتیی هەلسەنگاندنی بابەتەکانی چیرۆك و شیعر و لێکۆڵینەوە، ٣٠ ئیستمارەم ئامادەکردبوو، بۆ هەر ئیستمارەیەك ١٠٠ نمرەمان دانابوو، هەر بۆ نموونە، نمرەکانی شیعر، دابەشکرابوون بەسەر: داهێنان، زمان، پاشخانی رووناکبیریی شاعیر، لاساییکردنەوە، خەیاڵ و فەنتازیا، سەبك و دارشتن...هتد ئەمانە هەر یەکە و نمرەی خۆی هەبوو، نمرەکانیش چوونیەك نەبوون، ناوی نووسەر لە بابەتەکە دەکرایەوە و ژمارەی تایبەتی نهێنیی بۆ دادەنرا، بە شێوەی تاك تاك پەیوەندیم بە هەڵسەنگێنەران دەکرد بۆ ئەنجامدانی کارەکە، دەبوو هەڵسەنگێنەران یەکتری نەناسن، دیارە هەر ئیستمارەیە و بە جۆرێکی جیاواز لەوی تر، رێکدەخرا.

دوای تەواوکردنی کاری هەڵسەنگاندنەکان لە شوێنێك لەگەڵ داوەرەکان کۆدەبووینەوە بۆ تاوتوێکردنی نمرەکان و رێکخستنی لیست و دەستنیشان کردنی یەکەم و دووەم، بیرمە جارێك لە (دۆندرمەخانەی تابان) لەگەڵ قوبادی جەلیل زادە و لەتیف هەڵمەت و سەلاح محەمەد کۆبوونەوەمان کرد و ئەنجامەکانمان دیاری کرد، دیارە لەبەر ئەوەی ئیشەکە بە نهێنی بروات، لە بنکە ئەو جۆرە کۆبوونەوانەمان نەدەکرد، چونکە چاوی هاوبەشیکاران ئێجگار بەسەرمانەوە بوو، دەبوو داوەرەکان ئیمزا لەسەر ئیستمارە و لیستەکان بکەن و ئەم کارەش هەر وەك تاقیکردنەوەی بەکالۆری دەهاتە پێش چاوم، ئەم گرنگیدانەش بە کارەکە، پەیوەندیی بە ئەهمییەتی ماددی و مەعنەویی پاداشتەکانەوە هەبوو.

بەم هەموو نهێنی و دڵەڕاوکەیە و جاروبار نهێنی لەلایەن داوەران یان چاوە تیژەکانەوە ئەدرکا و تووشی کێشمەکێش دەبووین، لەم بوارەدا بەشی کتێبێك بیرەوەریی سەیر و سەمەرەم هەیە!! سەبارەت بە پروپاگەندە بۆ فێستیڤاڵ، ئێمە بەر لە دوو مانگ بە رێگای راگەیاندنە فرەکانەوە، بەرواری فێستیڤاڵمان رادەگەیاند و داوامان لە نووسەران دەکرد بۆ هاوبەشی و بە گەرمیش داوامان لە نووسەرانی کوردستانی خۆرهەڵات دەکرد کە بەدەم بانگەوازەکانمان بێن، ئەوەی کە هەستمان پێ کرد هاوبەشیکردنی کوردستانی خۆرهەڵات چ بە ئامادەبوون، چ بە نووسین کەم بوو، دوای تاوتوێ کردنی هۆکاری کەم ئامادەبوونی، بۆمان دەرکەوت کە لەبەر کێشەی تایبەت و نەساچانی پەیوەندیی برادەران، بەشێك لە داوەتنامەکانی بنکە هەر ناگاتە دەست خاوەنەکانیان و بەشێکیان بەر لە دوو سێ رۆژی دەست پێکردنی فێستیڤاڵ دەگات!! بۆ چارەسەری

ئەم کێشە هونەری و کۆمەڵاتییە نەخوازراوە، بە ڕاوێژکردن لەگەڵ کاک مەلا بەختیار و هەڵسەنگاندنی حاڵەتەکە، گەشتینە ئەوەی کە بەندە و کاک عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی لە سەرەتادا بەڕێکەوین بۆ ئێران، بۆ تەبلیغاتی پێش وەختی فێستیڤاڵی گەلاوێژ، هەر لە کرماشانەوە هەتا سنە و مەریوان و سەقز و مەهاباد و بۆکان گەڕاین، ڕووبەڕوو داوەتنامەکانمان دەگەیاندە میوانەکان، جگە لەوەش هێڵێکی پەیوەندیمان ڕێکخست، واتە هەر شارە و بە ڕێگای یەکێکی دیاریکراوەوە، بەرهەمەکان بێنێتە کرماشان و تەسلیم بە کاک (ئازادی مارف ئاغا گەلاڵی) بکرێت و ئەویش بیگەیێنێتە دەست بنکەی گەلاوێژ، کاک ئازادیش جوامێرانە کارەکەی ڕاپەراند، ئەو فێستیڤاڵە زۆرترین کەس هاوبەشیی لە چالاکییەکانی بنکەدا کرد، بەندە و کاک عەبدوڵڵا بۆ ئەرك و مەسرەفی ئەم سەفەرە دوور و پڕ ئەنجامە، یەکی ٢٠٠ دۆلارمان وەرگرت. لەبەر کەمیی بودجەکەمان لە (سنە) چەند شەوێك لە ماڵی برای خۆشەویست کاك (شێخ محەممەدی شێخ حەمەساڵح) ماینەوە کە خزمی نزیکی کاك عەبدوڵڵا تاهیر بوو، لە مەریوانیش لە ماڵی (عیزەت بەگی عەلی بەگی جاف) ماینەوە کە خزمی بەندە بوو، لە مەهابادیش شەوێك لە ماڵی هاوڕێم کاك (ئەحمەد بەحری) ماینەوە، دیارە مەبەستی سەرەکیی بەندە و کاك عەبدوڵڵا بە تەنیا و تەنیا خزمەتی بنکە و فێستیڤاڵ بوو.

## هەندێك پێشنیار

١- ئاماژە بکرێت بە ژمارەکانی گۆڤاری گەلاوێژ عەرەبی- کوردی، وە پێڕستی نووسەر و بابەتی بۆ بکرێت.

٢- ئەگەر بتوانن بۆ هەر خولە و چ کۆڕ و سیمنار و چالاکییەك کراوە ئاماژەی بۆ بکرێت و ئەوانەی هاوبەشییان تیا کردووە ئاماژەی بۆ بکرێت.

٣- ئەنجامی دەنگدانی هەڵبژاردنەکان و ئەرکی دەستەی بەڕێوەبەردن ئاماژەی پێ بدرێت.



## عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی

١- بنکەی گەلاوێژ پێش ئەوەی دابمەزرێت، فێستیڤاڵێکی بۆ کرا ئەو فێستیڤاڵە چەند کەس و نووسەرێك لە یەکێتیی نووسەران سازیان دا، لەوانە لە یادم بێت: ڕەئووف بێگەرد، یاسین فەقێ سەعید، دلاوەر قەرەداغی، جەمال غەمبار، سابیر سدیق، ئاوات حەسەن ئەمین...

ئەمانە یەکەم فێستیڤاڵیان سازکرد. دوای ئەوە، بنکەی گەلاوێژ دروستبوو، دەستەی دامەزرێنەر (وابزانم) بریتیی بوون لە ٢٠ کەس لەوانە لە یادم بێت: ڕەئووف بێگەرد، حسێن عارف، لەتیف هەلمەت، جەمال شارباژێڕی، ئازاد بەرزنجی، دڵاوەر قەرەداغی، عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، جەمال غەمبار، قوبادی جەلی زادە، عیرفان ئەحمەد، د.محەممەد دلێر ئەمین، ئاوات حەسەن ئەمین.

هەڵبژاردنێك لە هۆڵی (بازرگانی) کرا بیرمە لەوانەی هەڵبژێران: ڕەئووف بێگەرد، ئازاد بەرزنجی، سابیر سدیق، دلاوەر قەرەداغی، عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی. بۆ ئەمانەت دەڵێم کە بیرم لای خۆ هەڵبژاردن نەبوو، لەپڕ کاك ڕەئووف بێگەرد وتی ناوی (عەبدوڵڵا)شی تێبکەن، دوو سێ جار وتم خۆم هەڵنابژێرم، بەڵام بێسوود بوو.

٢- بە ڕاستی لەوەدا ئاگادارنیم بە تەواوی کێ بوون و چۆن بوو، بەڵام ئەزانم چەند کۆبوونەوەیەکیان کردبوو، چەند ڕایەك هەبوو بۆ ئەوەی ناوێك بۆ بنکەکە دابنێن، کەسیان ناوی (گەلاوێژ)یان هەڵنەبژاردبوو، وابزانم ڕایەکی (د.کەمال فوئاد) هاتبووە پێشەوە بۆ ئەوەی بکرێت بە (گەلاوێژ)، ئیتر پاش گفتوگۆ کردن ڕاکەی د.کەمال پەسەند کرا، گۆڤارەکە ناونرا (گەلاوێژی نوێ)، لە کۆبوونەوەی دامەزراندنی گۆڤارەکەدا ئامادەبووم. بێگومان هەموو لەسەر ئەوە کۆك بوون کە (بنکە) و (گۆڤار)ێکی سەربەخۆ بن، ئەدەب و زانستی کۆمەڵایەتی لەخۆبگرن، ئەو لایەنە سیاسییەی کە یارمەتیی دەدات، دەست لە سەربەخۆییان نەدات.

٣- ڕاستە ئەو بەڕێزانە بوون، بەڵام پێش ئەوە مامۆستا (جەمال شارباژێڕی) بەرپرسیاری و سەرۆکایەتیی وەرگرت لە یادم نەماوە بە وردی چۆنچۆنی بوو.

٤- دەستەی یەکەم: ڕەئووف بێگەرد، ئازاد بەرزنجی، سابیر سدیق، عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، یاسین فەقێ سەعید، دلاوەر قەرەداغی. من و ئازاد بەرزنجی بووین بە ئەندامی (دەستەی نووسەران)ی گۆڤارەکە.

دەستەی دووەم: ئەوانەی لە یادم بن: ئازاد بەرزنجی، کامەران ڕەئووف، محەممەد عومەر عوسمان، سابیر سدیق، ئەرخەوان، یاسین فەقێ سەعید، دلاوەر قەرەداغی، سەلاح محەممەد و محەممەد عومەر عوسمان هاتنە گۆڤارەکەوە، دەستەی ئیداریی بنکە داوای ئەوەیان کرد کە محەممەد عومەر عوسمان بگەڕێتەوە بۆ دەستەی ئیداریی بنکە، ئەویش ئەوەی نەویست، عاجزیان کرد، ئیتر وازی هێنا. دوای ئەوە، کاک کاوەی حاجی عەزیز کە ئەندامی (ئیحتیات) بوو، هاتە دەستەکەوە. بەڕێزان: کامەران ڕەئووف، یاسین فەقێ سەعید، دلاوەر قەرەداغی، چوون بۆ دەرەوەی وڵات.

لە دەستەیەکی تردا بەڕێزان: ئازاد تۆفیق و سەلاحە ڕەش هاتنە پێشەوە و عیرفان ئەحمەدیش لە چەند خولێکدا بوو.

٦- شازدە فێستیڤاڵ، دیدار و کۆڕ و کۆبوونەوە زۆرن. لە سەرەتادا هەموو هەفتەیەك کۆڕ دەگیرا. خەڵاتی پێشبڕکێ هەبوو: فێستیڤاڵی یەکەم خەڵاتی (پێشبڕکێ)ی تێدا نەبوو، وابزانم هەر هەموو بڕێك پارەیان درایە، ئەوانەی کە بابەتیان پێشکەش کرد. پاشان لە هەموو فێستیڤاڵێکدا لە پاڵ خەڵاتی پێشبڕکێ، ڕێز لە چەند نووسەرێك دەنرا، لەوانە بیرم بێت: محێدین زەنگنە، کامیل نیزامەددین، جەلال زەنگابادی، حسێن عارف، د.ئەورەحمانی حاجی مارف، مارف بەرزنجی، سدیق مەحموود، عەبدوڵڵا سەراج، محەممەد موکری، د.فازل جاف، مومتاز حەیدەری، هاشم سەراج، فازل سامر، یاسین نووسەییر، شەمس لەنگرودی، حافز موسەوی.

سەبارەت بە گۆڤارەکە*: مامۆستا (حسێن عارف) یەکەم سەرنووسەری گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ) بوو، لە ژمارە ١٣-١٥ مامۆستا (حسێن عارف) و (ئازاد بەرزنجی) چوون بۆ (دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم) ئیتر کاک (قوبادی جەلی زادە) بوو بە سەرنووسەری گەلاوێژی نوێ، عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی بە جێگر و (لەتیف هەڵمەت) بە بەڕێوەبەری نووسین، کاک قوباد تا ژمارە ١٢- ١٤ سەرنووسەر بوو، پاشان وازی هێنا، من لە ژمارە ١٥ـەوە بووم بە سەرنووسەری گۆڤارەکە، تا ئێستا. ماوەیەك کاک (ئیسماعیل خەیات) دیزاینەر بوو.

تا ژمارە ١٦ خاوەنی ئیمتیاز (د.محەممەد دلێر ئەمین) بوو دوای ئەوە بوو بە ناوی بنکە. لە ژمارە ١٩ـەوە کاک زۆراب هاتە دەستەی نووسینەوە، کاری هونەریی گۆڤارەکەیشی دەکرد، بەتایبەتی یەکەم ژمارەی (گەلاوێژی عەرەبی) دەرچوو دەستی ڕەنگینی ئەوی پێوە دیاربوو، دیزاینێکی جوان بوو. ئەو ئەندامی دەستەی ئیداریی بنکە بوو، هەڵبژێرابوو جا هاتە گۆڤارەکە، چونکە زیاتر حەزی لە گۆڤار و نەخشەسازی و وەرگێڕان بوو.

ماوەیەکیش کاک (ڕێبوار سەعید) کاروباری هونەریی ئامادە دەکرد و سەرپەرشتیی چاپکردنیشی دەکرد.

* داوامان لە م.عەبدوڵڵا کردبوو کە زانیاریمان لە بارەی گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ) بۆ بنووسێت، ئەویش لەم کۆتاییەدا هەندێ زانیاریی بۆ نووسیبووین... کاتێك زانیاریمان لە بارەی دەستە ئیداری و ئەدەبییەکانی گۆڤارکە کۆکردەوە -لە سێیەم تەوەری ئەم بەشە دانراوە-، هەندێ لەو زانیارییانەمان لابرد.



## سامی هادی

سەبارەت پرسیاری یەکەم:
دەستەی دامەزرێنەر بریتیی بوون لە:
١- حیکمەت محەممەد کەریم (مەلا بەختیار)
٢- د.زاهیر لەتیف کەریم
٣- جەمال محەممەد ئەمین عارف (جەمال شارباژێری)
٤- قوبادی جەلی زادە
٥- حسێن میسری
٦- سامی هادی
٧- لەتیف مەحموود محەممەد (لەتیف هەڵمەت)
٨- حسێن عارف عەبدولرەحمان
٩- ئازاد عەبدول محەممەد (ئازاد بەرزنجی)
١٠- عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی
١١- یاسین فەقێ سەعید
١٢- محەممەد عومەر عوسمان
١٣- ئاکۆ کەریم مەعرووف
١٤- سابیر سدیق محەممەد

پرسیاری دووەم:
بیرۆکەی دامەزراندن بە گشتی: کاک مەلا بەختیار بوو، کاک حسێن عارف، ڕەئووف بێگەرد، بەڵام بیرۆکەی سەرەکی کاک بەختیار بوو.
یەکەم کۆبوونەوەی دەستەی کاتی لە ١٩٩٧/٧/١٣ بووە. بە ئامادەبوونی: کاک مەلا بەختیار، حسێن عارف، محەممەد ساڵح سەعید، قوبادی جەلی زادە، سامی هادی، د.محەممەد دلێر، ئازاد بەرزنجی، محەممەد عومەر عوسمان، عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، ئاکۆ کەریم مەعرووف، یاسین فەقێ سەعید.
ئەم هەیکەلە پێش (کۆنگرەی یەکەم) بوو:
- جەمال شارباژێری: سەرۆک
- محەممەد عومەر عوسمان: جێگر
- محەممەد ساڵح سەعید: سکرتێری ئیداری

- سابیر سدیق: سکرتێری ڕۆشنبیری
- یاسین فەقێ سەعید: سکرتێری دارایی
- ئاکۆ کەریم مەعرووف: هەڵسوڕێنەری کاروباری بنکە
- ئازاد بەرزنجی: ئەندامی کارای بنکە

یەکەمین کۆنگرە ڕۆژانی ٩-١٠/٦/١٩٩٧ لە هۆڵی ژووری بازرگانی بە بەشداریی ٩٦ ئەندام بەسترا و ئەم دەستەیە بە ڕەسمی هەڵبژێردران:

- ڕەئووف بێگەرد: سەرۆک
- قوبادی جەلی زادە: جێگری سەرۆک
- دلاوەر قەرەداغی: لێپرسراوی ڕووناکبیری
- یاسین فەقێ سەعید: لێپرسراوی بەڕێوەبردن
- خانم ڕەسوول (ئەرخەوان): لێپرسراوی دارایی
- حسێن عارف: سەرنووسەری گۆڤار (گەلاوێژی نوێ)
- ئازاد بەرزنجی: ئەندام



## کامەران ڕەئووف*
## ساڵێك لە بنکەی گەلاوێژ

بە درێژایی ژیانم نە خواستم بووە و نە بیرم لەوە کردۆتەوە کە ڕۆژێك لە ڕووی ئیدارییەوە سەرۆکی دەزگایەك بم، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هیچ چێژێکی لێ نابینم و پاشان کاتێکی زۆر بەسەر ئەبەم و دوورم دەخاتەوە لە کارە هونەرییەکانم، بە هەرحاڵ پاش دەستبەکاربوونی برای ئازیزمان (ڕەئووف بێگەرد) لە دەزگای سەردەم، من یەکێك بووم لەو کەسانەی کە دەستنیشان کرام بۆ خۆ هەڵبژاردن بۆ دەستەی بەڕێوەبەری بنکە و پاشان بە سەرۆك. لە سەرەتا زۆر هەستم بە نامۆیی دەکرد، بەڵام پاش ماوەیەك ئەو هەستە دایگرتم کە تەنها چێژ و ئارامی لە کاری هونەرییەوە وەرناگیرێت، بەڵکو لە خزمەتکردنی هونەرمەند و ئەدیبە و هەر لە زەمینە خۆشکردن بۆ بە چاپ گەیاندنی خەونی شەو و ڕۆژی ڕۆشنبیرانمان و سازدانی کۆڕ و کوبوونەوە بە مەبەستی دەربرینی وشە پەنگخواردووەکانی سینە، ئەوەی زیاتر بەختەوەری دەکردم لە کارەکانم و پاشان چێژی لێ ببینم، ئەوە بوو کە هیچ سانسۆریك یاخود فەرمانێکمان پێنەدەکرا کە لە دەرەوەی ویستی خۆمان بێت، ڕاستە (بنکەی گەلاوێژ) لەلایەن (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان)ەوە بوودجەی بۆ دابین دەکرێت، بەڵام هیچ جۆرە سیاسەتێك لە بنکەدا جێی نەدەبۆوە، تەنانەت کاك (مەلا بەختیار) کە سەرپەرشتیاری بنکەی گەلاوێژ بوو بیرم نایەت کە ئامۆژگارییەکی ئەوتۆی دابێت بە مەبەستی چۆنێتیی بەڕێوەبردنی کارەکانمان... ئەوەشم لە یادە ڕۆژێك نامەیەکی بۆ ناردم کە کۆمەڵە شیعرێك هەیە هەوڵ بدەین کە لە بنکە بۆی چاپ بکەین، پاش خوێندنەوەی لەلایەن لیژنەیەکەوە، پەسەند نەکرا، منیش وەك سەرۆکی بنکە لەگەڵ نامەیەکدا و بڕیاری لیژنەکەم ناردەوە بۆ کاك بەختیار... ئەویش بە هیچ جۆرێك باسی نەکرد، مەبەست لێرەدا ئەوەیە کەم ڕێك دەکەوێت کە ئەو لایەنەی بودجە ئەدات، بۆچوونەکانی سیاسەت هەناردەی جومگەکانی ئەو دەزگایە نەکات.

لەگەڵ هاوڕێیانم دەستەی بەڕێوەبەر، خاتوو ئەرخەوان، یاسین فەقێ سەعید، سابیر سدیق، سەلاح محەممەد و کاوە حاجی عەزیز، هەموو توانامان خستبووە گەڕ لە پێناو چۆنێتیی خزمەتکردنی ئەدیبان و هونەرمەندان، چەند کۆڕێکمان بە ئەنجام گەیاند کە بایەخێکی گرنگمان ئەدا بە بەشی تەکنیکی شوێنی کۆڕەکە، هەر لە دیکۆر و ڕووناکی و مۆسیقای گونجاو، ئەو کۆڕەی بۆ خوێندنەوەی دیوانە شیعرێکی نوێی کاك (شێرکۆ بێکەس)مان سازکرد، لەسەر شانۆی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان، سێ شوێنی

خوێندنەی هۆنراوەکەمان دروست کرد بە ڕووناکی و مۆسیقای تایبەت، هەروەها یەکێك لەو بەشانەی کە بڕیارمان دابوو کە بوونی هەبێ لە بنکەدا و کاری جیدیی بۆ بکەین، بەشی ئەرشیڤی ئەدەبی بوو کە هەر چاپکراوێکی نوێ لە کوردستان بە ئەنجام دەگەیێنرێت، ئێمە لە دەزگا چەند نوسخەیەك لای خۆمان بپارێزین و بە ناوی خاوەنەکەیەوە تۆمار بکرێت.

لە کۆتاییدا دەڵێم بنکەی گەلاوێژ بۆ من، بوارێکی نوێ بوو لە چێژوەرگرتن لە ڕێی خزمەتکردنەوە و زەمینە خۆشکردن بۆ هەموو بوارەکانی ڕۆشنبیری.

* ئەم نووسینە لە ڕێگەی ئیمێڵەوە هاتووە.



## د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
## سەرۆكی ئێستای بنكەی ڕووناكبیریی گەلاوێژ

من لە كۆنگرەی شەشەمی بنكەی ڕووناكبیریی گەلاوێژدا و لە هەڵبژاردنێكدا لە ڕۆژی ٢٠١١/٨/٢٥ وەك سەرۆكی بنكە هەڵبژێردرام، لەو كۆنگرەیەدا ناوی دامەزراوەكە لە (بنكەی ئەدەبی و ڕووناكبیریی گەلاوێژ)ەوە گۆڕدرا بۆ (بنكەی ڕووناكبیریی گەلاوێژ)، بۆ ئەوەی (گەلاوێژ) بتوانێت چالاكیی هەمەلایەن ئەنجام بدات و تەنها لە چوارچێوەی كولتووریی ئەدەبیدا نەمێنێتەوە، ئیدی لە ماوەی پانزەهەمین و شانزەهەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژدا (بێگومان لە حەڤدەهەمین فێستیڤاڵیشدا) بابەتی هەمەجۆری فیكری و فەلسەفی و هونەری و سۆسیۆلۆژی، لەتەك بابەتی ئەدەبی، پێشكەش دەكران.

لە سەرەتادا ستافی هەڵبژێردراوی گەلاوێژ، بریتی بوون لە: تەڵعەت تاهیر جێگری سەرۆك، ئاسۆ عومەر سوارە بەڕێوەبەری كارگێڕی، سیامەند هادی بەرپرسی كاروباری فێستیڤاڵ، ژاوین شاڵی و دانا فایەق بەڕێوەبەری ڕووناكبیری، ئیسماعیل خورماڵی بەرپرسی پەیوەندییەكان و ڕاگەیاندن. بەڵام ئێستا ئەو ستافە، وەك ناو و وەك جۆری كارەكەیان، گۆڕانكاریی بەسەردا هاتووە، هەر یەكە لە دانا فایەق و ئیسماعیل خورماڵی، بە هۆكاری جیاواز، لە ستافەكەدا نەماون. بێگومان عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجیش، لەسەر هەمان كاری پێشووی، كە سەرنووسەری گۆڤاری گەلاوێژی نوێیە، بەردەوامە.

لە سەرەتای مانگی ئەیلوولدا، سەرۆكی پێشوو بەڕێز یاسین فەقێ سەعید، شوێن و كارەكەی ڕادەستی ئێمە كرد، بەو پێیەی سەرۆكایەتی ئەو كۆتایی پێهات. پاشان كەوتینە بەردەم خۆئامادەكردن بۆ سازدانی پانزەهەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ، بەڵام بەر لە فێستیڤاڵ، دەستمان كرد بە ئەنجامدانی چەندین چالاكیی جۆراوجۆر. چالاكییەكانمان، بە گشتی تا ئەم ساتەوەختە، بەم شێوەیەی خوارەوەن:

یەكەمین چالاكیمان بریتی بوو لە مەراسیمی ڕێزلێنان لە هونەرمەند (عوسمان هەورامی) لە ڕۆژی ٢٠١١/١٠/١٠ لە ناحیەی بیارە، هەروەها دروستكردنی پەیكەرێك لە ناوەڕاستی بیارەدا.

لە ٢٠١١/١١/٢٢ پانزەهەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژمان لەژێر دروشمی (نەوەی نوێ چەمكی نوێی بەرهەمهێنا..تێبگەین یان تێنەگەین) لە هۆڵی تەوار دەستی پێكرد و تا ١١/٢٥ بەردەوام بوو. خولەكەش بەناوی (خولی وان)ـەوە بوو.

لە ٨ی مارسی ٢٠١٢دا بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی ژنانەوە كۆڕێكی شیعریمان بۆ د.فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی و كەژاڵ ئیبراهیم خدر و ئیسماعیل خورماڵی و هەلاڵەی پێنجوێن ساز كرد و پاشان خەڵاتی ڕێزلێنانمان پێشكەش بە چیرۆكنووس (شیرین.ك) بەخشی.

لە ڕۆژی ٢٠١٢/٥/١٩دا، لە هۆڵی تەوار، مەراسیمی ڕێزلێنانمان بۆ هونەرمەند (مەزهەر خالقی) ساز كرد، لەو مەراسیمەدا فیلمێكی دۆكیومێنتاریمان دەربارەی هونەرمەندی ناوبراو پیشان دا و كتێبێكیشمان هەر بەو بۆنەیەوە چاپ و دابەش كرد.

تا ئەم ساتەوەختە، لە ماوەی سەرۆكایەتیی مندا، سێ دیداری ڕۆشنبیریی (عەرەبی-كوردی)مان ساز كردووە:

دیداری یەكەمی ڕۆشنبیریی عەرەبی-كوردی، لە شاری بەغدا لە هۆڵی ئوتێلی (قصر السدير)، لە

ڕۆژی ٢٠١٢/٦/٧ و لەژێر دروشمی: بەرەو ڕۆشنبیرییەکی عەرەبی-کوردیی کارلێککەر (نحو ثقافة عربية-كردية متفاعلة)، بەهاوبەشیی بنکەی ڕووناکبیریی گەلاوێژ و یەکێتیی گشتیی ئەدیبان و نووسەرانی عێراق، بە هاوبەشی لەگەڵ ڕەخنەگری ناسراوی عیراقی (ياسين النصير)، دیدارەکە دوو ڕۆژی خایاند.

دیداری دووەمی ڕۆشنبیریی عەرەبی-کوردی لە شاری بەسرە لە هوتێلی (شیراتۆن) لە ڕۆژی ٢٠١٢/١٠/٢١ و لە ژێر دروشمی: بەرەو ئاسۆیەکی کراوەی ڕۆشنبیریی عەرەبی-کوردی (نحو آفاق ثقافية عربية-كردية منفتحة)، دیسان بە هاوبەشیی بنکەی ڕووناکبیریی گەلاوێژ و یەکێتیی گشتیی ئەدیبان و نووسەرانی عێراق، بە هاوبەشی لەگەڵ ڕەخنەگری ناسراوی عیراقی ياسين النصير، دیدارەکە سێ ڕۆژی خایاند.

دیداری سێیەمی ڕۆشنبیریی عەرەبی-کوردی لە شاری نەجەف لە ماوەی ڕۆژانی ٤-٢٠١٣/٥/٧ و لە ژێر دروشمی: بەردەوامیی ڕۆشنبیری کۆمان دەکاتەوە و ڕۆشنمان دەکات (التواصل الثقافي يجمعنا..ويضيئنا). بە هاوبەشیی بنکەی ڕووناکبیریی گەلاوێژ و یەکێتیی ئەدیبان و نووسەرانی نەجەف، بە هاوبەشی لەگەڵ (فارس حەرام)ی سەرۆکی لقی نەجەفی نووسەران.

شانزەهەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ لە هۆڵی تەوار و لە ژێر دروشمی (جیاوازییەکان لە تریفەی گەلاوێژدا دەدرەوشێنەوە) لە ڕۆژانی ١٥-٢٠١٢/١١/١٨. ئەو خولەش بە ناوی (سلێمانی پایتەختی ڕۆشنبیری) بوو.

لە ڕۆژی ٢٠١٢/١٢/٢٣ لە مەڵبەندی کوردۆلۆجی، کۆڕێکی شیعریمان بۆ شاعیری عێراقی (کریم العراقي) ساز کرد، لەتەك دەرکردنی پاشکۆیەکی چوار لاپەڕەیی تایبەت بە شاعیری ناوبراو و وەرگێرانی هەندێ لە شیعرەکانی.

لە ڕۆژی ٢٠١٣/٢/٧دا لە ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەندێشە کۆڕێکمان بۆ (د.نعمت الله نهێلی) و (دانا عەسکەر) ڕێکخست دەربارەی گرفتەکانی ڕەخنەی کوردی.

لە ڕۆژی ٢٠١٣/٢/٨ هەر لە ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەندێشە کۆڕێکمان بۆ (د.موحسین ئەحمەد عومەر) و (د.سەروەر عەبدوڵڵا) ڕێکخست هەر سەبارەت بە گرفتەکانی ڕەخنەی کوردی.

ڕۆژی ٢٠١٣/٢/١٤ بە بۆنەی ڕۆژی ڤالانتاینەوە، لە ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەندێشە، کۆڕێکمان بۆ (د.ئازاد حەمە) ڕێکخست بە ناونیشانی (فەلسەفە و خۆشەویستی).

ڕۆژی ٢٠١٣/٣/٤ لە هۆڵی کوردۆلۆجی، کۆڕێکمان بۆ شاعیران (لەتیف هەڵمەت) و (عەبدولقادر سەرچناری) ڕێکخست بە ناونیشانی (شیعر و ئەزموون).

ڕۆژی ٢٠١٣/٣/١٤ لە کافتیریای ئەمنە سوورەکە فێستیڤاڵێکی ڕۆشنبیریی سێ ڕۆژیمان بۆ کوردە هونەرمەند و ئەدیبە ئاوارەکانی خۆرئاوای کوردستان ڕێکخست.

ڕۆژی ٢٠١٣/٤/١١ لە شاری کەرکوك و لە هۆڵی چالاکیی قوتابخانەکان، مەراسیمی ڕێزلێنانمان بۆ هونەرمەندی تورکمانی (ئەکرەم توزلو) ساز کرد، کتێبێکیشمان دەربارەی هونەرمەندی ناوبراو چاپ و دابەش کرد.

ڕۆژی ٢٠١٣/٦/١٢ لە شاری هەولێر و لە هۆڵی میدیا، مەراسیمی ڕێزلێنانمان بۆ هونەرمەند (هۆمەر دزەیی) ساز کرد. لەو مەراسیمەدا فیلمێکی دۆکیومێنتاریمان دەربارەی هونەرمەندی ناوبراو پیشان دا و کتێبێکیشمان هەر بەو بۆنەیەوە چاپ و دابەش کرد.

حاڵی حازر خەریکی خۆئامادەکردنین بۆ حەڤدەهەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ کە لە ڕۆژانی ٢١-٢٠١٣/١١/٢٤ ، لەژێر دروشمی (گەلاوێژ... ڕایەڵەی داهێنەران و گوڵچنینی بەهرەمەندانە)، لە هۆڵی هوتێلی (سلێمانی پالاس) ساز دەکرێت.



## یاسین فەقێ سەعید *

لە دوای کارەساتەکانی ٣١ی ئاب و گەڕانەوەمان بۆ شاری سلێمانی، وەك نووسەرانی سلێمانی بیرمان لەوە کردەوە چالاکییەکی ئەدەبی ساز بکەین بە مەبەستی هێورکردنەوەی لایەنی دەرچوونی هاووڵاتیان و هەوڵدان بۆ لەبیرکردنی ئەو بارگرژییەی بەهۆی شەڕی براکانەوە، تووشی شارەکەمان بوو.

لەبەر ئەوە بڕیارماندا (٣ ڕۆژ) کۆڕی شیعر خوێندنەوە ساز بکەین، بە بەشداریی (٥ شاعیر) کە ئەمانە بوون (دلاوەر قەرەداغی، سابیر سدیق، یاسین فەقێ سەعید، ئیسماعیل خورماڵی، جەمال غەمبار) ئەم کۆڕە شیعرییانە ناونرا (وڵاتێك بۆ ئازادی، ئاسمانێك بۆ داهێنان)، لەبەر ئەوەی جەماوەرێکی زۆر ئامادەی ئەم کۆڕانە بوون، گردبوونەوەی نووسەرانو ئەدیبان و دانیشتن و گفتوگۆی بەردەوام دروست بوو دەربارەی زیندووکردنەوەی (یەکێتیی نووسەران) زۆر قسە کرا، بەڵام لەبەر چەند ڕێگرییەك نەتوانرا بکرێت، بۆیە بیر لەوە کرایەوە کە کۆمەڵەیەك یان دەزگایەك یان بنکەیەك دابمەزرێنین تایبەت بە (ڕووناکبیری و ئەدەبی).

لەم ماوەیەدا کاك (مەلا بەختیار) داوای کۆبوونەوەی کرد لەگەڵ بەشێك لە نووسەران و ئەدیبانی سلێمانی، لەو کۆبوونەوەیەدا ئەوپەڕی پشتیوانیی خۆی و (ی.ن.ك)ی دەربڕی کە بە هەموو شێوەیەك هاوکاریمان دەکەن بۆ دامەزراندنی بنکەیەکی ئەدەبی و ڕووناکبیری. بەڕێزیان هەر خۆمانی سەرپشك کرد بۆ ئەم بابەتە. چەندین دانیشتن لە نێوان (ڕەئووف بێگەرد، ئازاد بەرزنجی، جەمال غەمبار) و هەندێکی تر کرا و پێشنیاریان کرد کە سەرەتا فێستیڤاڵێکی ئەدەبی ساز بکەین بۆ (شیعر و چیرۆك و لێکۆڵینەوە) بە ناوی (فێستیڤاڵی گەلاوێژ) و (بنکەی گەلاوێژ) وەك بنکەیەکی ئەدەبی و ڕووناکبیری دابمەزرێنین. بۆ ئەم دامەزراندنەش یەکەمین کۆنگرە ساز کرا و مۆڵەتی ڕەسمی دەرهێنرا و دەستەیەك لە ڕووناکبیرانی ئەم شارە بوون بە دەستەی دامەزرێنەری بنکە.

پاشان ڕاسپاردە و پێشنیارەکانی کۆنگرە بەرزکرایەوە بۆ سەرۆکایەتیی حکوومەتی هەرێم و ڕەزامەندییان بە دامەزراندنەکە دەربڕی و دەستکرا بە هاوکاریکردنمان، چ حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێی وەزارەتی داراییەوە و چ (ی.ن.ك) لەڕێی ئیدارەی گشتی و مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانەوە، هاوکاریی دامەزراندنی بنکە

و چاپکردنی گۆڤاری گەلاوێژی نوێ و کتێبەکانی گەلاوێژ و فێستیڤاڵەکەیان کرد.
بەندە یەکێك بووم لە دامەزرێنەرانی بنکە.

هێندەی من بیرم بێت سەرۆکەکانی بنکە بەمشێوەیە بووە:

- سالّی ١٩٩٦ کە دامەزرا ڕەئووف بێگەرد
- سالّی ١٩٩٧ ڕەئووف بێگەرد
- سالّی ١٩٩٨ ڕەئووف بێگەرد
- سالّی ١٩٩٩ کامەران ڕەئووف
- سالّی ٢٠٠٠ هەتا ٢٠٠٥ (ڕەئووف عوسمان) سەرۆك بووە
- سالّی ٢٠٠٦ هەتا مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠١١ یاسین فەقێ سەعید سەرۆك بووە
- سالّی ٢٠١١ بە دواوە د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد


* هەرچەند فۆرمەکان بۆ (یاسین فەقێ سەعید)یش نارد، بەڵام هیچ وەڵامێکی نەبوو، لە هەمان کاتدا ئەویش بەهەمان شێوەی (ڕەئووف بێگەرد)، بابەتێکی بۆ کتێبەکەی پێشتر نووسیبوو، لەبەر ئەمە ناچار بووین هەر ئەو پێشەکییە لێرە دابنێینەوە، بڕوانە: مێژووی فێستیڤاڵی گەلاوێژ...، ل٩٠-٩١.


# یەکەم بەش- دووەم تەوەر
# پێڕەو و پرۆگرام

## سەرەتا

هەروەك ئاشکرایە (پێڕەو و پرۆگرام)، بەرنامە و سیستمی کارکردنی هەر حیزب و لایەن و ڕێکخراوێکە، بە واتایەکی تر، ئەو کارنامە و ڕێکارەیە کە بەرپرسان و ئەندامانی ئەو لایەنە بە کۆمەڵێك پرەنسیپەوە پەیوەست دەکات. بێگومان (پێڕەو و پرۆگرام)یش لە بەرنامەی کۆنگرەکاندا یەکلایی دەکرێتەوە، لە کۆنگرەشدا (سەرۆك) و (دەستە) و (ئەندام)ەکان هەڵدەبژێردرێن.

هەوڵ دەدەین لە ڕێگەی دوایین پێڕەو و پرۆگرامی بنکەی ڕووناکبیریی گەلاوێژەوە کە لە لە شەشەم کۆنگرە (٢٠١١/٨/٢٥)دا بەستراوە، کورتەیەك وەربگرین:




## بەشی یەکەم: پرۆگرام

بەندی یەکەم:

ناو: بنکەی ڕووناکبیریی گەلاوێژ

ئارم:

بەندی دووەم

شوناس: بنکەی ڕووناکبیریی گەلاوێژ، بنکەیەکی ڕووناکبیرییە، تایبەتە بە کولتووری کوردی و بیانی.

دروشم: ئازادی- ڕۆشنگەری.

بەندی سێیەم: شوێن

أ- بارەگای گشتی لە سلێمانی دەبێت.

ب- لق و نوێنەرایەتیی لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان و پایتەختی عێراق دەبێت.

بەندی چوارەم: ئامانج

أ- گەشەپێدانی کولتووری کوردی .

ب- پشتگیریکردنی ڕووناکبیرانی کورد بۆ بەشداریی زیاتری چالاکیی ڕووناکبیری، لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی.

ج- ڕەخساندنی هەلی یەکترناسین و تێکەڵاوبوون لە نێوان ڕووناکبیرانی نەتەوەکەمان و ڕووناکبیرانی گەلانی تردا.

د - زەمینەسازی بۆ دیالۆگی ڕووناکبیری لە نێوان ڕووناکبیرانی گەلەکەمان و گەلانی ناوچەکە.

هـ- هەوڵدان بۆ خوڵقاندنی زمانی ستانداری کوردی، بە هاوبەش لەگەڵ ناوەندە ڕووناکبیرییەکانی تری کوردستان.

بەندی پێنجەم

ڕێگاکانی بەدیهێنانی ئامانجەکان:

أ- سازدانی فێستیڤاڵی ساڵانەی گەلاوێژ.

ب- سازدانی پێشبرکێ، یان گرەوی ئەدەبی و ڕووناکبیریی لە چوارچێوەی فێستیڤاڵی گەلاوێژ و لە دەرەوەی فێستیڤاڵدا.

ج- گۆڤاری گەلاوێژی نوێ (کوردی).

د- گۆڤاری گەلاوێژی نوێ (عەرەبی).

هـ- ساڵنامەی گەلاوێژ (لە شێوەی گۆڤار، تایبەت بە فێستیڤاڵی گەلاوێژ) بە زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی.

و- گەلاوێژنامە (ڕۆژنامەی ساڵانەی تایبەت بە فێستیڤاڵی گەلاوێژ) بە زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی.

ز- کتێبی جۆراوجۆری نووسراو و وەرگێردراو بە زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی یان هەر زمانێکی تر بەپێی پێویست.

ح- سازدانی کۆڕ و سیمیناری جۆراوجۆر لە کات و شوێنی جیاجیادا.

گ- سازدانی ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان لە ڕووناکبیرانی گەلەکەمان و گەلانی ناوچەکە.

ی- هاوکاریکردنی ڕووناکبیرانی کورد (ئەندامی بنکە بن یان نا) لە حاڵەتی پێویستدا.

ك- مەدالیای زێڕین بە ئارمی بنکەوە بە ماندوانی زیندووی بواری ئەدەبی و ڕووناکبیری دەبەخشێت.

ل- پەیوەندیکردن لەگەڵ دامەزراوەکانی تری ڕووناکبیریدا.

م- یارمەتیدان و هاوکاریکردنی بوارە هونەرییەکان.

## بەشی دووەم: پێڕەو

بەندی یەکەم:
أ- مەرجەکانی ئەندامێتی
ب- مافی ئەندامێتی
ج- هۆیەکانی لەدەستدانی مافی ئەندامێتی

بەندی دووەم: پێکهاتەی بنکە
١- دەستەی گشتی (کۆنگرە).
٢- دەستەی بەڕێوەبەر (هەڵبژێردراوی کۆنگرە).
٣- دەستەی لقەکان لە کۆنفرانسی شار و شارۆچکەکاندا.

بەندی سێیەم: ئەرک و دەسەڵاتەکانی دەستەی گشتی (کۆنگرە)
أ- دەستەی گشتی (کۆنگرە)
ب- دەستەی بەڕێوەبەر

## پێکهاتەی دەستەی بەڕێوەبەر:

١- سەرۆک.
٢- جێگری سەرۆک.
٣- سکرتێری بەڕێوەبردن.
٤- سکرتێری ڕووناکبیری.
٥- بەرپرسی دارایی.
٦- بەرپرسی کاروباری فێستیڤاڵ.
٧- بەرپرسی ڕاگەیاندن و پەیوەندییە گشتییەکان.

بەندی چوارەم: دارایی
...

# یەکەم بەش- سێیەم تەوەر
## ١- پێکهاتە ئیدارییەکان (کۆنگرە)
## بنکەی سەرەکی و لقەکان

# سەرەتا

یەكێك لەو زانیارییانەی ترسی ئەوەمان هەبوو كە بۆمان یەكلایی نەبێتەوە، كات و ڕێكەوتی دەستبەكاربوون و گۆڕانكاریی (سەرۆك) و (دەستە) و (ئەندام)ـەكان بوو، هەر لەبەر ئەمەش بوو كە لە (فۆرم)ـەكەدا چەند پرسیارێكمان لەم بارەیەوە نووسی، بەپێی ئەو زانیارییانەی لە وەڵامی نووسینەكانی ئەواندا هاتووە، هەروەها كاتێكیش بە شوێن ئەرشیڤدا دەگەڕاین، توانیمان بەرنامە و كاتی هەموو كۆنگرەكان دەستەبەر بكەین، واتە توانرا مێژووی ئەم بەشەی بنكەی گەلاوێژ بەم شێوەیە یەكلایی بكرێتەوە، كە دەكرێ لە پێش و دوای كۆنگرەكانیشدا، گۆڕانكاریی ئیداری كرابێت...

هەروەك پێشتر ئاماژەی پێكرا، ئەم بنكەیە پێش ئەوەی (یەكەم كۆنگرە) ببەستێت دامەزراوە، لەبەر ئەمە دەستەی كاتییان داناوە.

## سەرۆك و دەستەكان

**یەكەم دەستە (پێش كۆنگرە)**

- جەمال شارباژێری: سەرۆك
- محەممەد عومەر عوسمان: جێگر
- محەممەد سالح سەعید: سكرتێری ئیداری
- سابیر سدیق: سكرتێری ڕۆشنبیری
- یاسین فەقێ سەعید: سكرتێری دارایی
- ئاكۆ كەریم مەعرووف: هەڵسوڕێنەری كاروباری بنكە
- ئازاد بەرزنجی: ئەندامی كارای بنكە

### یەكەم كۆنگرە ڕۆژانی ٩-١٠/٦/١٩٩٧

لە هۆڵی ژووری بازرگانی بە بەشداریی ٩٦ ئەندام بەستراوە و ئەنجامەكەی بەم شێوەیە بووە:

- ڕەئووف بێگەرد: سەرۆك
- قوبادی جەلی زادە: جێگری سەرۆك
- دلاوەر قەرەداغی: لێپرسراوی ڕووناكبیری
- یاسین فەقێ سەعید: لێپرسراوی بەڕێوەبردن
- خانم ڕەسوول (ئەرخەوان): لێپرسراوی دارایی
- حسێن عارف: سەرنووسەری گۆڤار (گەلاوێژی نوێ)
- ئازاد بەرزنجی: ئەندام






بەرنامەی کۆنگرە

* ئاهەنگی دەستپێکردنی کۆنگرە .
ڕۆژ : ٩ / ٦ / ٩٧
کات : ١٠ ی بەیانی

* خوێندنـەوەو هەڵسـەنگاندن و پەسـەندکردنی پـرۆژەی پـەیڕەو و پرۆگرامی بنکە ، کە لەلایەن دەستەی دامەزرێنەرەوە گەڵاڵە کراوە .
ڕۆژ : ٩ / ٦ / ٩٧
کات : ٥ ی پاش نیوەڕۆ

* هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری بنکە .
ڕۆژ : ١٠ / ٦ / ٩٧
کات : ٥ ی پاش نیوەڕۆ

لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە



بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی
گـەلاوێـژ

ژمارە : ١٩ / ٥٧
ڕێکەوت : ١٩٩٧/٦/١

لە پێناوی سەرخستنی یەکەم کۆنگرەدا

یەکەمین فیستیڤاڵی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ لە ( ٢١ تا ٣٠/١٢/١٩٩٦ ) دا هەوڵێکی سەرکەوتوانە بوو بۆ سەرلەنوێ بەگەڕخستنەوەی چالاکی ئەدەبی و ڕووناکبیریی کوردیمان ، کە ماوەیەک بوو بە هۆی بارودۆخی نابەجێی خۆیی بەوە سست و لاواز ببوو . بەشداربووان و لیژنەی ئامادەکاری فیستیڤاڵ ، وەک چەند قەڵەمێکی خەمخۆر ، لە دوا ڕۆژی فیستیڤاڵدا ؛ پێشنیاز و ڕاسپاردەکانی نووسەران و ڕووناکبیرانیان خستە بەردەمی ئیرپرسراوان و کاربەدەستانی هەرێم ، لە پێناوی بزواندن و برەوپێدان و پێشخستنی باری ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلەکەمان بە شێوەیەکی ڕاستەقینەتر . لەو پێشنیازانە : دامەزراندنی ( بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ ) و دەرکردنی گۆڤاری ( گەلاوێژی نوێ ) . بۆ ئەوەی سەرجەمی ئەو ڕاسپاردەو بیرو پێشنیازانە بە شێوەیەکی جدی تر جێبەجێ بکرێن ، دەستەی دامەزرێنەری بنکە بە پێویستی دەزانێ خەمخۆرانی ئەدەب و ڕووناکبیریی لە شاری سلێمانیدا کۆبکاتەوە بۆ بەستنی یەکەم کۆنگرەی ڕەسمی بنکە بۆ :

١. خوێندنەوەو پەسەندکردنی پەیڕەو و پرۆگرامی بنکە ، کە دەستەی دامەزرێنەر پرۆژەیەکی بۆ گەڵاڵە کردووە .
٢. هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری بنکە کە بۆ ماوەی ساڵێک ئیش و کارەکانی بنکە ڕادەپەڕێنێ .
٣. هەر باس و بابەتێکی دیکە کۆنگرە بڕیاری لەسەر بدات .

بەڕێز : محەمەد صوفی

بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە پیرۆزەی ڕووناکبیریی گەلەکەمان و بۆ باشتر ئەنجام دانی بڕیارەکان ، بەڕێزتان شەرەفی بەشداری کردنی یەکەم کۆنگرەی ( بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ ) تان پێ دراوە . هیوادارین کە بتوانن بەشدارییەکی دڵسۆزانە بکەن لە پێناوی سەرخستنی کۆنگرەدا .

لەگەڵ ڕێــزدا .......

* ئاهەنگی دەستپێکردنی کۆنگرە
• ڕۆژ : ٩/٦/١٩٩٧
• کات : ١٠ ی بەیانی

دەستەی دامەزرێنەری
بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گـەلاوێـژ

**دووەم کۆنگرە ١٩٩٨/١٢/٢٥**

- کامەران ڕەئووف- سەرۆك
- یاسین فەقێ سەعید- جێگری سەرۆك
- ئەرخەوان- ژمێریاری
- کاوە حاجی عەزیز- کارگێڕی
- سابیر سدیق- ڕووناکبیری

تێبینی: لە ماوەی نێوان دووەم و سێیەم کۆنگرەدا دەستەیەکی دیکە بەم شێوەیە هەبووە:

- سابیر سدیق- سەرۆك (کاتی)
- کاوە حاجی عەزیز- جێگری سەرۆك
- عیرفان ئەحمەد- کارگێڕی
- ئەرخەوان- ژمێریاری



## ڕێنمای کۆنگره

## بنکەی ئەدەبیی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ

به دروشمی : له پێناوی بزواندن و برەو پێدان به باری ئەدەب و ڕووناکبیریی کورد

## دووەمین کۆنگره

سازدەکات

## ١٩٩٨/١٢/٢٥

☆ سەعات (١٠) ی بەیانی – کۆڕی یەکەم

☆ مەراسیمی دەست پێکردنی کۆنگره

- ووتاری بنکه
- بروسکەی پیرۆزبایی لایەنەکان

☆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتی ساڵانه

- ڕاپۆرتی ڕووناکبیریی
- ڕاپۆرتی دارایی

☆ هەڵسەنگاندن و تاوتوێ کردنی پەیڕەو پرۆگرامی ناوخۆ

**** **** ****

☆ سەعات (٢:٣٠) ی پاش نیوەڕۆ – کۆڕی دووەم


☆پرۆسەی هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری بنکه

بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ

دووەمین کۆنگره

١٩٩٨/١٢/٢٥

کوردستان-سلێمانی



پرۆگرام و پەیڕەوی
پەسەندکراوی
سێیەمین کۆنگرەی
بنکەی ئەدەبی و
ڕووناکبیریی گەلاوێژ
٢٠٠٠

سێیەم کۆنگرە ٢-٣/٣/٢٠٠٠




گەلاوێژ
سێیەمین کۆنگرە
٢-٣/٣/٢٠٠٠
کۆنگرە
وێستگەی ڕاوێژی وێژدانی ڕووناکبیرانە
Montarbo



گەلاوێژ
سێیەمین کۆنگرە
٢-٣/٣/٢٠٠٠






**چوارەم کۆنگرە ٢٠٠٢/٩/٥**

- ڕەئووف عوسمان- سەرۆک
- کاوە حاجی عەزیز- جێگری سەرۆک
- سابیر سدیق- کارگێڕی
- عیرفان ئەحمەد- ڕووناکبیری
- ئەرخەوان- ژمێریاری













## پێنجەم کۆنگرە ٢٠٠٥/١٢/٢٤

- یاسین فەقێ سەعید- سەرۆك
- کاوە حاجی عەزیز- جێگری سەرۆك
- عیرفان ئەحمەد- رووناکبیری
- حەمید عەبدوڵڵا بانەیی- ئەندامی دەستە







## شەشەم کۆنگرە ٢٠١١/٨/٢٥

- د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد- سەرۆك
- تەڵعەت تاهیر- جێگری سەرۆك
- ئاسۆ عومەر سوارە- کارگێڕی
- ژاوێن شاڵی- دارایی
- دانا فایەق- ڕووناکبیری
- سیامەند هادی- فێستیڤاڵ
- ئیسماعیل خورماڵی- ڕاگەیاندن

تێبینی: لە شەشەم کۆنگرەدا، ناوی ئەم دەزگایە لە (بنکەی ئەدەبی و ڕووناکیریی گەلاوێژ)ەوە بۆ (بنکەی ڕووناکبیریی گەلاوێژ) گۆڕاوە.

# پەیڕەو و پرۆگرامی
# بنکەی ڕوناکبیریی گەلاوێژ

پەسەندکراوی کۆنگرەی شەشەم
٢٠١١/٨/٢٥

## کۆنووسی کۆتایی شەشەمین کۆنگرەی
## بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیری گەلاوێژ

لە ڕێکەوتی ٢٠١١.٨.٢٥ کاتژمێر (٤)ی پاش نیوەڕۆ لە هۆڵی ئوتێل بەرێز لە شاری سلێمانی بە سەر پەرشتی نوێنەری دادگا دادوەر (تاهیر عەلی حەسەن) و نوێنەری پارێزگای سلێمانی خاتوو ( خونچە محمود) وە پاش ئەوەی نصابی یاسایی تەواو بوو لە کۆی (١١٦) ئەندام (١١٠) ئەندام ئامادەبوو، پرۆسەکە ئەنجامدرا بە کردنەوەی دەرگای خۆپاڵاوتن، وە ئەم بەرێزانەی لای خوارەوە خۆیان پاڵاوت،

١ اسماعیل خورمالی
٢ ئەلعەت تاهیر
٣ نەوزاد ئەحمەد
٤ عرفان احمد
٥ ئاسۆ عمر محمد سوارە
٦ سیامەند هادی
٧ دانا فایق
٨ زاوێن شالی
٩ زووان پێنجوێنی
١٠ بروا بەرزنجی

کە ژمارەیان (١٠) کەس بوو وە پاش دەنگدانی ئەندامان بەم شێوەیەی خوارەوە دەنگیان بە دەست هێنا کە لە یەکەم تا (٧)ەم ئەندامی سەرەکین و (٨ و ٩) ئەندامی یەدەگن.

| ژمارە | ناوی کاندید | ژ دەنگ |
|---|---|---|
| ١ | ئاسۆ عمر محمد سوارە | ٩٦ |
| ٢ | ئەلعەت تاهیر | ٨٧ |
| ٣ | زاوێن شالی | ٨٧ |
| ٤ | سیامەند هادی | ٨٠ |
| ٥ | نەوزاد ئەحمەد | ٧٧ |
| ٦ | دانا فایق | ٧٢ |
| ٧ | اسماعیل خورمالی | ٦٥ |
| ٨ | بروا بەرزنجی | ٤٧ |
| ٩ | زووان پێنجوێنی | ٣٦ |
| ١٠ | عرفان احمد | ٣٤ |

وە پاش ئەوەی کە پرۆسەکە بە شێوەیەکی ئازادانە بە ڕێوەچوو کۆتایی پێ هێنرا وە واژۆ کرا لە ٢٠١١-٨-٢٥.

نوێنەری یاسایی پارێزگا
خونچە محمود
٢٥/٨/٢٠١١

بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ
سەرۆکی بنکە
Gelawezh Literary Cultural Center

نوێنەری دادگا
دادوەر
تاهیر عەلی حەسەن

# لقەكان

وەك لە پێڕەوی ناوخۆی بنكەی گەلاوێژدا هاتووە پێكهاتە و ئەرك و دەسەڵاتەكانی دەستەی هەر لقێك:

أ – هەر لقێك لە سێ ئەندام پێك دێت.

ب– لە كۆنفرانسی لقدا هەڵدەبژێردرێت.

ج– یەكێكیان دەبێتە سكرتێری لق.

د– سكرتێری لق مانگی جارێك لە كۆبوونەوەی دەستەی بەڕێوەبەری بنكە ئامادە دەبێت.

ه– لە كۆنفرانسی لقدا، ڕاپۆرتی دارایی چالاكییەكانیان دەخوێنێتەوە.

و– پێشنیاری بە ئەندام بوون بۆ بنكەی گشتی بەرزدەكەنەوە.

# لقی ڕانیە

ئەم لقە لە ١٩٩٧/٢/١ دامەزراوە.
یەکەم دەستە:
- سەردار ڕاوچی- بەرپرسی لق
- خەلیل عەلی- ئەندام
- هیمداد ڕەفیق- ئەندام

لە دووەم کۆنفرانسدا کە لە ٢٠٠٠/٨/٥دا بەستراوە، دەستەکە بریتی بوون لە:
- سەردار ڕاوچی- بەرپرسی لق
- خەلیل عەلی- ئەندام
- جەعفەر ڕەسوول- ئەندام
- بەکر هێرۆیی- ئەندام

لە سێیەم کۆنفرانسدا کە لە ٢٠٠٢/١٠/٤دا بەستراوە، دەستەکە بریتی بوون لە:
- عومەر حاجی عەبدولڕەحمان- بەرپرسی لق
- سەرکەوت بورهان- ئەندام
- بەکر مەحموود- ئەندام

لە چوارەم کۆنفرانسدا کە لە ٢٠٠٦/٧/٩دا بەستراوە، دەستەکە بریتی بوون لە:
- عومەر حاجی عەبدولڕەحمان- بەرپرسی لق
- هەژار مەرگەیی- ئەندام
- بەکر مەحموود- ئەندام

لە پێنجەم کۆنفرانسدا کە لە ٢٠١٢/٢/١٠دا بەستراوە، دەستەکە بریتی بوون لە:
- عومەر حاجی عەبدولڕەحمان- بەرپرسی لق
- تارق حەسەن- ئەندام
- عومەر ئیسماعیل- ئەندام

# لقی کۆیە

لە ساڵی ١٩٩٨دا دامەزراوە و یەکەم دەستەی کارگێڕی بەم شێوەیە بوو:
- مودریك ژاڵی- بەرپرسی لق
- وریا جەلی زادە- ئەندام
- بایز مستەفا- ئەندام

دووەم هەڵبژاردن کە لە ساڵی ٢٠٠٢دا کرا، دەستەی کارگێڕی بەم شێوەیە بوو:
- مودریك ژاڵی- بەرپرسی لق
- وریا جەلی زادە- ئەندام
- کەمال کەریم- ئەندام

سێیەم هەڵبژاردن کە لە ساڵی ٢٠٠٧دا کرا، دەستەی کارگێڕی بەم شێوەیە بوو:
- مودریك ژاڵی- بەرپرسی لق
- هێرش بەگیخانی- ئەندام
- مەجید هەرشەمی- ئەندام

چوارەم هەڵبژاردن کە لە ساڵی ڕۆژی ٢٠١٢/٢/١٧دا کرا، دەستەی کارگێڕی بەم شێوەیە بوو:
- قارەمان لەشکر- بەرپرسی لق
- دیدەوان یەعقوب- ئەندام
- سوهەیلا قادری- ئەندام
- وریا جەلی زادە- ئەندامی کارا

# لقی کەلار

لە ساڵی ١٩٩٨دا دامەزراوە و دەستەکان بەم شێوەیە بوون:

لە ساڵانی ١٩٩٨- ٢٠٠٢:
- مەجید ساڵح- بەرپرسی لق
- عەبدوڵڵا حەسەن قادر- ئەندام (ل.دارایی)
- ئەحمەد شاکەلی- ئەندام (ل.ڕووناکبیری)

لە ساڵانی ٢٠٠٢- ٢٠٠٤:
- فایەق ڕەحیم محەممەد- بەرپرسی لق
- عەبدوڵڵا حەسەن قادر- ئەندام (ل.ڕووناکبیری)
- ئاسۆ وەهاب ئەحمەد- ئەندام (ل.دارایی)

لە ساڵانی ٢٠٠٤- ٢٠٠٧:
- ئاسۆ وەهاب ئەحمەد- بەرپرسی لق
- کاروان یارەویس- ئەندام (ل.دارایی)
- ئەحمەد ڕەحیم محەممەد- ئەندام (ل.ڕووناکبیری )

لە ساڵانی ٢٠٠٧- ؟:
- ئاسۆ وەهاب- بەرپرسی لق و ل.دارایی
- ئەحمەد ڕەحیم محەممەد- ئەندام (ل.ڕووناکبیری)

# لقی کەرکووک

لە یەکەم کۆنفرانسی لقی کەرکووکی بنکەی ڕووناکبیریی گەلاوێژ لە ڕۆژی ٢٠٠٣/١٢/٥ لە هۆڵی (شەهید سیروان تاڵەبانی)، بە ئامادەبوونی دەستەی باڵای بنکەی گەلاوێژ و ٦٠ ئەندام، کە ٢٣ کەس خۆیان کاندید کردبوو، ئەنجامەکە بەم شێوەیە بوو:

- فەیسەڵ تاهیر هەمەوەندی ٣٣ دەنگ بەرپرسی لق
- دانا عەسکەر قادر ٣١ دەنگ ل.ڕۆشنبیری
- بورهان ئەحمەد محەممەد ٢٩ دەنگ جێگر
- سەراب (ڕێبوار ڕەشید) ٢٥ دەنگ پەیوەندییەکان
- ستار ئەحمەد محەممەد شێخانی ٢٤ دەنگ ل.دارایی
- ئاوێزان نووری حەکیم ١٨ دەنگ تایپیست
- سەیفەدین سایر ١٨ دەنگ ئەندامی یەدەگ

لە کۆنفرانسی دووەمدا، ئەنجامەکە بەم شێوەیە بوو:

- - فەیسەڵ هەمەوەندی بەرپرسی لق
- - عومەر سەیدە ل.ڕووناکبیری
- - ئاوێزان نووری ل.دارایی

بە بڕیاری بنکەی گەلاوێژ، لە ڕۆژی ٢٠٠٦/١٠/٧ ستافی پێشوو تەجمید کران و ستافی نوێ دانرا:

- دانا عەسکەر بەرپرسی لق
- شێرکۆ شەریف سکرتێری ڕووناکبیری
- ستار شێخانی ل.دارایی

لە کۆنفرانسی سێیەمی لقی کەرکووکی بنکەی ڕووناکبیریی گەلاوێژ و بە ئامادەبوونی دەستەی باڵای بنکەی گەلاوێژ، لە ڕۆژی ٢٠١١/١٠/٢٢ لە هۆڵی (لوبنان) لە کەرکووک، ئەنجامەکان بەم شێوەیە بوو:

- سەیفەددین سایر ٢٨ دەنگ بەرپرسی لق
- عەلی عومەر ١٨ دەنگ (ل.دارایی)
- عەبدولڕەحیم سەرەڕۆ ١٥ دەنگ (ل.ڕووناکبیری)
- شێرکۆ شەریف ١٥ دەنگ (یەدەگ)
- ئومێد مەحموود ١٨ دەنگ (یەدەگ)

# لقی هەولێر

ئەم لقە لە ڕۆژی ٢٠٠٤/٧/١ دامەزراوە.

یەکەم دەستە لە ٢٠٠٤- ئابی ٢٠٠٧:
- هاشم سەراج- بەرپرسی لق
- موحسین ئاوارە- ئەندام (ل.ئیدارە)
- ئازاد ئەحمەد- ئەندام (ل.دارایی)
- عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا- ئەندام (ل.ڕۆشنبیری)
- جەوهەر کەریم- ئەندام (ل.پەیوەندی و ڕاگەیاندن)
- سابیر ڕەشید- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری گەلاوێژی نوێ
- خالید جووتیار- ئەندامی یەدەگ
- ئەحمەد محەممەد ئیسماعیل- ئەندامی یەدەگ
- کەریم کاکە
- قاسم شێروانی
- سەباح ڕەنجدەر

دووەم دەستە لە مانگی ئابی ٢٠٠٧- ٢٠١٢/٣/٢٥:
- موحسین ئاوارە- بەرپرسی لق
- جەوهەر کەریم- ئەندام
- ڕزگار عومەر- ئەندام

سێیەم دەستە لە ٢٠١٢/٣/٢٥- ٢٠١٣/٩/١:
- جەوهەر کەریم- بەرپرسی لق
- عیسا حسێن- ئەندام
- ڕێبین موحسین ڕەشید- ئەندام

چوارەم دەستە لە ٢٠١٣/٩/١- ؟:
- محەممەد ئەحمەد مەنتک- بەرپرسی لق
- بەشدار سامی- ئەندام

# یەکەم بەش- سێیەم تەوەر
# ٢- گۆڤاری گەلاوێژی نوێ

# سەرەتا

دەبوایە ئەم پۆلێنبەندییە لەو بیبلیۆگرافیایەدا بكرێت كە تایبەت بە گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ) ئامادە كراوە، بەڵام كاتێك پرسیارمان كرد نەكرابوو، لەبەر ئەمە بە پێویستم زانی كاری لەسەر بكەین... چونكە وردەكاری لە بارەی ستاف و دەستەكانی ئەم گۆڤارەوە، بەشێكی دیكەی پێویست و بایەخداری مێژووی ئەم دەزگایەیە، كۆ بكەینەوە:

١- لەبەر ئەوەی بیبلیۆگرافیای بۆ ئامادە كراوە، بە پێویستمان نەزانی هەندێ وردەكاریی گۆڤارەكە بنووسینەوە.

٢- بەداخەوە دەرفەتەكەمان زۆر كەم بوو ئەگەرنا بەهەمان شێوە، ئەم كارەمان بۆ (گەلاوێژی نوێ)ی زمانی عەرەبی-یش دەكرد كە بە تەنها تێبینییەك ئاماژەمان پێداوە.

٣- ئەم زانیارییانە تەنها مەبەست لێی دەرخستنی وردەكاریی گۆڤارەكە بووە، لە هەموو ڕووە ئیداریی و ئەدەبی و هونەرییەكانەوە.

٤- هەرچەند زۆربەی زانیاریی ناسنامەی ژمارەی گۆڤارەكان، دووبارە بوونەوەی تێكەوتووە، بەڵام لە هەمان كاتدا، گۆڕانكاریش لە ناسنامەكاندا هەیە، كە دەبوایە یان بەم شێوەیە بنووسرێتەوە، یانیش بە پەراوێز وردەكاری و جیاوازییەكان بخەینەڕوو، كە هەڵبژاردەی یەكەممان پێ باشتر بوو.

تێبینی:

گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ) كە بە (زمانی عەرەبی) دەردەچێت، تا ئێستا ٣٥ ژمارەی لێ دەرچووە و ستافی ئێستای بەم شێوەیەیە:

خاوەنی ئیمتیاز: بنكەی ڕووناكبیری گەلاوێژ
سەرۆكی نووسین (رئیس التحریر): عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی
سكرتێری نووسین (سكرتیر التحریر): سامی داود
بەڕێوەبەری نووسین (مدیر التحریر): محێدین مەحموود
دەستەی نووسین (هیئە التحریر): ئاوات حەسەن ئەمین، محەممەد سالار
دیزاین: شاهێن بەرزنجی

## ستافی تەواوی گۆڤاری گەلاوێژی نوێ- بە زمانی کوردی

**ژمارە ١-٦**
**خاوەنی ئیمتیاز: محەمەد دلێر ئەمین**
**سەرنووسەر: حسێن عارف**
**سکرتێری نووسین: ئازاد بەرزنجی**
**دەستەی نووسەران: د.زاهیر لەتیف، عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، لەتیف هەڵمەت، قوباد جەلی زادە**
**پسپۆری هونەری: ئیسماعیل خەیات**
**نەخشەساز: عەبدولموحسین عەبدوڵڵا**

تێبینی:
ژ١: مایسی ١٩٩٧، ژ٢: تەمووزی ١٩٩٧، ژ٣: ئەیلوولی ١٩٩٧، ژ٤: تشرینی دووەمی ١٩٩٧، ژ٥: کانوونی دووەمی ١٩٩٨، ژ٦: ئازاری ١٩٩٨.

**ژمارە ٧-٨ ( حوزەیران و تەمووزی ١٩٩٨ )**
**خاوەنی ئیمتیاز: محەمەد دلێر ئەمین**
**سەرنووسەر: حسێن عارف**
**سکرتێری نووسین: ئازاد بەرزنجی**
**دەستەی نووسەران: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، لەتیف هەڵمەت، قوباد جەلی زادە.**
**پسپۆری هونەری: ئیسماعیل خەیات**
**نەخشەساز: عەبدولموحسین عەبدوڵڵا**

**ژمارە ٩ ( ئابی ١٩٩٨ )**
**خاوەنی ئیمتیاز: محەمەد دلێر ئەمین**
**سەرنووسەر: حسێن عارف**
**سکرتێری نووسین: ئازاد بەرزنجی**
**دەستەی نووسەران: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، لەتیف هەڵمەت، قوباد جەلی زادە**
**سەرپەرشتیی هونەری: قادر میرخان**
**مۆتیڤ: ڕۆستەم ئاغالە، فەرهاد مەلا حەسەن**

**ژمارە ١٠ ( تشرینی یەکەمی ١٩٩٨ )**
**خاوەنی ئیمتیاز: محەمەد دلێر ئەمین**
**سەرنووسەر: حسێن عارف**
**سکرتێری نووسین: ئازاد بەرزنجی**
**دەستەی نووسەران: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، لەتیف هەڵمەت، قوباد جەلی زادە**
**سەرپەرشتیی هونەری: قادر میرخان**
**مۆتیڤ: ڕۆستەم ئاغالە، شیلان جەبار، فەرهاد مەلا حەسەن**

**ژمارە ١١ ( تشرینی دووەمی ١٩٩٨ )**
**خاوەنی ئیمتیاز: محەمەد دلێر ئەمین**
**سەرنووسەر: حسێن عارف**
**سکرتێری نووسین: ئازاد بەرزنجی**
**دەستەی نووسەران: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، لەتیف هەڵمەت، قوباد جەلی زادە**
**سەرپەرشتی هونەری: قادر میرخان**
**مۆتیڤ: ڕۆستەم ئاغالە، شیلان جەبار، فەرهاد مەلا حەسەن، هوشیار سەعید**

**ژمارە ١٢- ١٣ ( ساڵی ١٩٩٩ )**
**خاوەنی ئیمتیاز: محەمەد دلێر ئەمین**
**سەرنووسەر: قوباد جەلی زادە**
**جێگری سەرنووسەر: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی**
**بەڕێوەبەری نووسین: لەتیف هەڵمەت**
**دەستەی نووسەران: سەلاّح محەممەد، ئەرخەوان، فارووق هۆمەر**
**سەرپەرشتیاری هونەری: قادر میرخان**
**مۆتیڤ: ڕۆستەم ئاغالە، شیلان جەبار، فەرهاد مەلا حەسەن**

**ژمارە ١٤ ( ساڵی ١٩٩٩ )**
**خاوەنی ئیمتیاز: محەمەد دلێر ئەمین**
**سەرنووسەر: قوباد جەلی زادە**
**جێگری سەرنووسەر: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی**
**بەڕێوەبەری نووسین: لەتیف هەڵمەت**
**دەستەی نووسەران: عەتا قەرەداغی، سەلاّح محەممەد، ئەرخەوان، فارووق هۆمەر**
**سەرپەرشتیاری هونەری: قادر میرخان**
**مۆتیڤ: ڕۆستەم ئاغالە، شیلان جەبار، فەرهاد مەلا حەسەن**

**ژمارە ١٥ (ساڵی ١٩٩٩)**
**خاوەنی ئیمتیاز: بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ- بنکەی ڕووناکبیریی گەلاوێژ (لەم ژمارەیەوە تا ئێستا بەم شێوەیەیە)**
**سەرنووسەر: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی**
**بەڕێوەبەری نووسین: لەتیف هەڵمەت**
**دەستەی نووسەران: عەتا قەرەداغی، سەلاح محەممەد، ئەرخەوان**
**سەرپەرشتیاری هونەری: قادر میرخان**
**مۆتیڤ: ڕۆستەم ئاغاله**
**سەرپەرشتیاری چاپ: کاوە حاجی عەزیز**

**ژمارە ١٦ (ساڵی ١٩٩٩)**
**سەرنووسەر: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی**
**بەڕێوەبەری نووسین: لەتیف هەڵمەت**
**دەستەی نووسەران: عەتا قەرەداغی، سەلاح محەممەد، ئەرخەوان**
**سەرپەرشتیاری هونەری: قادر میرخان**
**مۆتیڤ: ڕۆستەم ئاغاله، فەرهاد مەلا حەسەن، سەرچڵ شەوقی**
**سەرپەرشتیاری چاپ: بەختیار سەعید، کاوە حاجی عەزیز**

**ژمارە ١٧-١٨ (ساڵی ٢٠٠٠)**
**سەرنووسەر: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی**
**بەڕێوەبەری نووسین: لەتیف هەڵمەت**
**دەستەی نووسەران: عەتا قەرەداغی، سەلاح محەممەد، ئەرخەوان**
**سەرپەرشتیاری هونەری: قادر میرخان**
**هێڵکاری: هوشیار سەعید، ڕۆستەم ئاغاله، فەرهاد مەلا حەسەن**
**سەرپەرشتیاری چاپ: بەختیار سەعید، کاوە حاجی عەزیز**

**ژمارە ١٩ (ساڵی ٢٠٠٠)**
**سەرنووسەر: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی**
**بەڕێوەبەری نووسین: لەتیف هەڵمەت**
**دەستەی نووسەران: عەتا قەرەداغی، سەلاح محەممەد، زۆراب**
**سەرپەرشتیاری چاپ: بەختیار سەعید**

**ژمارە ٢٠ (حوزەیرانی ٢٠٠٠)**
**سەرنووسەر: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی**
**بەڕێوەبەری نووسین: لەتیف هەڵمەت**

دەستەی نووسەران: عەتا قەرەداغی، سەلاح محەممەد، زۆراب
سەرپەرشتیاری چاپ: بەختیار سەعید
مۆتیڤ: دیاری محەممەد، ڕۆستەم ئاغاله

**ژمارە ٢١ ( تشرینی دووەمی ٢٠٠٠ )**
سەرنووسەر: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی
بەڕێوەبەری نووسین: لەتیف هەڵمەت
دەستەی نووسەران: عەتا قەرەداغی، سەلاح محەممەد، زۆراب
سەرپەرشتیاری چاپ: بەختیار سەعید

**ژمارە ٢٢ ( کانوونی دووەمی ٢٠٠١ )**
سەرنووسەر: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی
بەڕێوەبەری نووسین: لەتیف هەڵمەت
دەستەی نووسەران: عەتا قەرەداغی، سەلاح محەممەد
سەرپەرشتیاری هونەری: بەختیار سەعید

**ژمارە ٢٣- ٢٤ ( ئایاری ٢٠٠١ )**
سەرنووسەر: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی
بەڕێوەبەری نووسین: لەتیف هەڵمەت
دەستەی نووسەران: عەتا قەرەداغی، سەلاح محەممەد
سەرپەرشتیاری هونەری: بەختیار سەعید
مۆتیڤ: ستار قادر

**ژمارە ٢٥ ( ساڵی ٢٠٠١ )**
سەرنووسەر: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی
بەڕێوەبەری نووسین: لەتیف هەڵمەت
دەستەی نووسەران: عەتا قەرەداغی، سەلاح محەممەد
سەرپەرشتیاری هونەری: بەختیار سەعید
مۆتیڤ: سەرچڵ شەوقی

**ژمارە ٢٦ ( ئەیلوولی ٢٠٠١ )**
سەرنووسەر: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی
بەڕێوەبەری نووسین: لەتیف هەڵمەت
دەستەی نووسەران: عەتا قەرەداغی، سەلاح محەممەد
سەرپەرشتیاری هونەری: بەختیار سەعید

مۆتیڤ: تەلار نادر

ژمارە ٢٧-٢٨ ( ساڵی ٢٠٠٢ )
سەرنووسەر: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی
بەڕێوەبەری نووسین: لەتیف هەڵمەت
دەستەی نووسەران: سەلاح محەممەد
سەرپەرشتیاری هونەری: بەختیار سەعید
مۆتیڤ: ئاشنا عەبدوڵڵا

ژمارە ٢٩ ( ساڵی ٢٠٠٢ )
سەرنووسەر: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی
بەڕێوەبەری نووسین: لەتیف هەڵمەت
دەستەی نووسەران: سەلاح محەممەد
سەرپەرشتیاری هونەری: بەختیار سەعید
مۆتیڤ: شوعلە سلێمان

ژمارە ٣٠ ( ساڵی ٢٠٠٢ )
سەرنووسەر: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی
بەڕێوەبەری نووسین: لەتیف هەڵمەت
سەرپەرشتیاری شیعر: سەلاح محەممەد
ڕاوێژکارانی وەرگێڕان: محەممەد کەریم، محێدین مەحموود
سەرپەرشتیاری هونەری: بەختیار سەعید
مۆتیڤ: هاوڕێ محەممەد

ژمارە ٣١ ( تشرینی یەکەمی ٢٠٠٣ )
سەرنووسەر: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی
بەڕێوەبەری نووسین: لەتیف هەڵمەت
سەرپەرشتیاری شیعر: سەلاح محەممەد
ڕاوێژکارانی وەرگێڕان: محەممەد کەریم، محێدین مەحموود
مۆتیڤ: نامیق حەمە

ژمارە ٣٢-٣٣ ( نیسانی ٢٠٠٤ )
سەرنووسەر: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی
دەستەی نووسەران: سەلاح محەممەد، سامی هادی، محەممەد کەریم، کاوە حاجی عەزیز، محێدین مەحموود

سەرپەرشتیاری هونەری: بەختیار سەعید
مۆتیڤ: ڕێبوار سەعید
**ژمارە ٣٤ ( حوزەیرانی ٢٠٠٤ )**
سەرنووسەر: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی
دەستەی نووسەران: سەلاح محەممەد، سامی هادی، محەممەد کەریم، کاوە حاجی عەزیز، محێدین مەحموود.
سەرپەرشتیاری هونەری: بەختیار سەعید

**ژمارە ٣٥-٣٦ ( شوبات و ئازاری ٢٠٠٥ )**
سەرنووسەر: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی
دەستەی نووسەران: سەلاح محەممەد، سامی هادی، محەممەد کەریم، کاوە حاجی عەزیز، محێدین مەحموود.
مۆتیڤ: ڕێبوار سەعید

**ژمارە ٣٧ ( تەمووزی ٢٠٠٥ )**
سەرنووسەر: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی
دەستەی نووسەران: سەلاح محەممەد، سامی هادی، محەممەد کەریم، کاوە حاجی عەزیز، محێدین مەحموود.

**ژمارە ٣٨ ( ئازاری ٢٠٠٦ )**
سەرنووسەر: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی
سکرتێری نووسین: بەیاد عەبدولقادر ئەحمەد
دەستەی نووسەران: سامی هادی، ئاوات حەسەن ئەمین، فەریدوون پێنجوێنی، ئەحمەد ڕەزا.
بەڕێوەبەری گشتیی جێبەجێکردن: فوئاد عەبدولڕحمان
لێپرسراوی بابەتی هونەری: بەختیار سەعید

**ژمارە ٣٩-٤٠ ( حوزەیرانی ٢٠٠٦ )**
سەرنووسەر: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی
سکرتێری نووسین: بەیاد عەبدولقادر ئەحمەد
دەستەی نووسین: سامی هادی، ئاوات حەسەن ئەمین، فەریدوون پێنجوێنی، ئەحمەد ڕەزا، بەختیار سەعید
مۆتیڤ: ڕێبوار سەعید

**ژمارە ٤١ ( ئەیلوولی ٢٠٠٦ )**
سەرنووسەر: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی
سکرتێری نووسین: بەیاد عەبدولقادر ئەحمەد
دەستەی نووسین: سامی هادی، ئاوات حەسەن ئەمین، فەریدوون پێنجوێنی، ئەحمەد ڕەزا، بەختیار سەعید
مۆتیڤ: ڕێبوار سەعید

**ژمارە ٤٢-٤٣ ( تشرینی دووەمی ٢٠٠٦ )**
سەرنووسەر: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی
سکرتێری نووسین: بەیاد عەبدولقادر ئەحمەد
دەستەی نووسین: سامی هادی، ئاوات حەسەن ئەمین، فەریدوون پێنجوێنی، ئەحمەد ڕەزا، بەختیار سەعید
مۆتیڤ: ڕێبوار سەعید

**ژمارە ٤٤ ( شوباتی ٢٠٠٧ )**
سەرنووسەر: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی
سکرتێری نووسین: بەیاد عەبدولقادر ئەحمەد
دەستەی نووسین: سامی هادی، ئاوات حەسەن ئەمین، ئەحمەد ڕەزا، بەختیار سەعید، فەریدوون پێنجوێنی
مۆتیڤ: دڵشاد بەهاددین

**ژمارە ٤٥ (ساڵی ٢٠٠٧ )**
سەرنووسەر: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی
سکرتێری نووسین: بەیاد عەبدولقادر ئەحمەد
جێبەجێکردن: فوئاد عەبدولڕەحمان
دەستەی نووسەران: سامی هادی، ئاوات حەسەن ئەمین، فەریدوون پێنجوێنی، ئەحمەد ڕەزا
دیزاین: جەلیل حسین

**ژمارە ٤٦ ( ساڵی ٢٠٠٧ )**
سەرنووسەر: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی
سکرتێری نووسین: بەیاد عەبدولقادر ئەحمەد
دەستەی نووسین: سامی هادی، ئاوات حەسەن ئەمین، فەریدوون پێنجوێنی، ئەحمەد ڕەزا
دیزاین: جەلیل حسین

**ژمارە ٤٧-٤٨ ( ساڵی ٢٠٠٧ )**
سەرنووسەر: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی
سکرتێری نووسین: بەیاد عەبدولقادر ئەحمەد
دەستەی نووسین: سامی هادی، ئاوات حەسەن ئەمین، فەریدوون پێنجوێنی، ئەحمەد ڕەزا
دیزاین: جەلیل حسین

**ژمارە ٤٩ ( ئازاری ٢٠٠٨ )**
سەرنووسەر: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی
سکرتێری نووسین: بەیاد عەبدولقادر ئەحمەد
دەستەی نووسین: سامی هادی، ئاوات حەسەن ئەمین، فەریدوون پێنجوێنی،
دیزاین: جەلیل حسین

**ژمارە ٥٠-٦١**
سەرنووسەر: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی
سکرتێری نووسین: دانا فایەق
دیزاین: ئارام عەلی.

**تێبینی:**
ژ٥٠: شوباتی ٢٠١١، ژ٥١: نیسانی ٢٠١١، ژ٥٢: تەمووزی ٢٠١١، ژ٥٣: تشرینی یەکەمی ٢٠١١، ژ٥٤: کانوونی دووەمی ٢٠١٢، ژ٥٥: ئازاری ٢٠١٢، ژ٥٦- ٥٧: ئەیلوولی ٢٠١٢، ژ٥٨: تشرینی دووەمی ٢٠١٢، ژ٥٩: کانوونی دووەمی ٢٠١٣، ژ٦٠: نیسانی ٢٠١٣، ژ٦١: حوزەیرانی٢٠١٣.